https://www.doi.org/10.31918/twejer.1812.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# پەرەسەندنی پیشەگەری و دارِمانی لەدەوڵەتی عوسمانیدا

ستار شێخ حسن
زانکۆی سۆران/فاکەڵتی ئاداب/بەشی مێژوو
star.hasan@soran.edu.iq

**پوختە:**

پیشـەگەری بەشـێکی گرنگـی ئـابووری عوسـمانی و ڕەگەزێکـی سـەرەکی پیشەسـازییەکەی پێکـدەهێنا و سـەرچاوەی بژێـوی و پێداویستی ڕۆژانەی ژمارەیەکی زۆری دانیشـتوانەکەی دابین دەکرد و بزاوتی ئاڵوگۆڕی پەرەپێدا، پیشـەگەرانیش کە چینێکی بەربڵاوی کـۆمەڵگە بـوون لە چوارچێـوەی دەزگـای تـایبەت بەنـاوی سـنف چالاکیەکانیان ڕێکخستبوو.

لە ئەنجـامی فراوانبـوونی دەوڵەتـی عوسـمانی و ئـاوێتەبوونی فەرهەنگـی گەلانـی جیـاواز و بـایەخ پێـدانی دەوڵەت، سـەرەنجام پیشـەگەری بە لایەنە بەرهەمـی و هـونەری و خزمەتگـوزارییەکەیەوە پێشـڤەچوونی گەورەی بەخـۆوە بینـی و هەرنـاوچە و لەبوارێـک یـان زیـاتر دەسـتی بـاڵای تێدا بینـی، بەڵام دواتـر لەژێر کاریگەری چەند هۆکارێـک لە ناوەڕاسـتەکانی سـەدەی نـۆزدەم بەدواوە بەرەو پوکانەوە و دارمان چوو.

**وشـە کلیلییەکـان:** پیشـەگەری، دەوڵەتـی عوسـمانی، سـوڵتانەکان، ئەستانبۆل، سنفەکان، کالا.

# پەرەسەندنی پیشەگەری و دارمانی لە دەوڵەتی عوسمانیدا

## پێشەکی

پیشەگەری دیاردەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاری پێکهاتە جیاوازەکانی دەوڵەتی عوسمانییە و چالاکییەکی گرنگی ئەو ڕۆژگار بووە و لەسەردەمی ئێستاشدا هەندێکیان پارێزگارییان لەمانەوەی خۆیان کردووە، وەک چۆن ئەو پیشانەی سەردەمی عوسمانی پاشخانێکی مێژوویییان هەبووە، ئاواش ئەو پیشانەی ئێستا لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بوونیان هەیە، بەدەرنین لەو میراتە فەرهەنگییەی کۆمەڵگەی سەردەمی عوسمانییەکان.

توێژینەوە لە چالاکییەکی وا بایەخەکەی لەوەدایە کە سیمایەکی جیاوازتری سەردەمێکی مێژوویی دیاردەخات لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی عوسمانییەوە تا کۆتاییەکانی، کە کەمتر کەوتوونەتە بەر هەوڵی توێژەران و تا ڕادەیەک لە بابەتی سیاسی دوورە کە چانسی زۆرترین توێژینەوەی ئەکادیمییان بەرکەوتووە.

لەم توێژینەوەیەدا کە لەژێر ناوی (پەرەسەندنی پیشەگەری و دارمانی لە دەوڵەتی عوسمانیدا) یە، ڕێبازی تەرکیبی شیکاری تێدا پەیڕەو کراوە، تێیدا بابەتییانە چەمکی پیشەگەری و پێگە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی و ئاستی گەشەکردن و پابەندبوونی پیشەگەران لە چوارچێوەی ڕێکخستنەکانیان دیارخراوە و دواتر مەڵبەندە سەرەکییەکانی وەک نموونە وەرگیراون کە لەبەر زۆری و بڵاوییان ئەستەمە یەک بە یەک و شوێن بە شوێن ئاماژەیان پێ بکرێ، بەتایبەتی لەبەر نەبوونی وردەکاری تەواو لەسەر یەک بە یەکیان

لەلایەک, لەلایەکی تریش لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان پیشەکان و شوێنەکان دەکرێ بکرێن بەنموونە لەسەر هەموو دەوڵەتی عوسمانی، هەرچەند هەندێ لە پێشەکان زۆرتر بڵاون و پێشکەوتووترن و هەندێ شوێنیش تایبەتمەندییان هەیە لە هەندێ پیشەدا، هەروەها سروشتی زانیارییەکانیش وا دەخوازێ کە بە ڕێبازی تەرکیبی تەوزیف بکرێن و شیکاری زانستییان بۆ بکەین، بەتایبەتی کە پەرەسەندن و هۆکارەکانی لاوازبوونی پیشەگەری شیکاری پێویستیان بۆکراوە لەگەڵ زانیارییەکانی تریش لەو شوێنانەی پێویستیان بە شیکاری بووبێت.

لە توێژینەوەکەدا سوود لە سەرچاوەی گرنگ وەرگیراون، کە بەشێکیان تایبەتن بە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچەکە و بەرهەمی کارکردنی فراوانی نوسەرەکانیانن لە نێو بەڵگەنامە عوسمانییەکان، وەک هاملتون جیب و هارولد بوین (المجتمع الاسلامي والغرب) و ثريا فاروقي و اخرون (التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية) و د. خليل إينالجيك (تاريخ الدولة العثمانية من النشوء الى الانحدار) جگە لە گەشتنامەی گەڕیدەکانی وەک: ئەولیا چەلەبی و ولیەم هیود و جیمس برانت و شبلی نەعمانی و خورشید پآشا و عبدالقادر المقدسی، کە زانیاری گرنگمان دەخەنە بەردەست، وێڕای چەند سەرچاوەی تری جۆراوجۆر.

**پیشەگەری و سەرەتاکانی دەوڵەتی عوسمانی:**

بۆ ناساندنی پیشەگەری و دیاری کردنی جۆرەکانی ڕای جۆراوجۆر هەن، هەریەک بەجۆرێک دەستنیشانی دەکات، بەڵام لە

بـنـەچـەدا لـەیـەک بـازنـەدا دەخـولـێـنـەوە، بـۆچـوونـێـک هـەیـە کـە ئـیـخـوان سـەفـا[1] ڕابـەرایـەتـی دەکـات، پـیـشـەگـەری بـەپـێـی بـابـەتـی پـیـشـەکـە بـۆ دوو جـۆر دابـەش دەکـات: یـەکـەمـیـان پـیـشـە ڕۆمـانـیـیـەکـان کـە پـیـشـە هـزرییـەکـان دەگـرێـتـەوە، دووەمـیـشـیـان پـیـشـە جـەسـتـەیـیـەکـان کـە پـیـشـە دەسـتـیـیـەکـان دەگـرێـتـەوەو، پـیـشـە دەسـتـیـیـەکـانـیـش بـەپـێـی بـابـەتـەکـانـیـان پـۆلـێـن دەکـات بـۆ سـەر چـەنـد لایـەنـێـک: ئـەوانـەی پـەیـوەنـدیـیـان بـە ئـاو هـەیـە (وەک: ئـاودێـری، دەریـاوانـی)، ئـەوانـەی پـەیـوەنـدیـیـان هـەیـە بـە گـڵ و خـۆڵ (وەک: بـیـرلـێـدان، ڕاکـێـشـانـی جـۆگـە و ڕووبـار)، ئـەوانـەی پـەیـوەنـدیـیـان بـە هـەواو هـەنـاسـەوە هـەیـە (وەک: شـمـشـاڵ، بـلـوێـر، زوڕنـا لـێـدان)، و ئـەوانـەی پـەیـوەنـدیـیـان بـە ئـاگـرەوە هـەیـە (وەک: پـیـشـەسـازیـیـە نـەوتـی و سـوتـەمـەنـیـیـەکـان)، و ئـەوەی پـەیـوەنـدی بـە ئـاو و خـۆڵـەوە هـەبـێـت (وەک: گـڵـێـنـەسـازی، فـەخـاری)، هـەروەهـا پـیـشـە هـاوبـەشـەکـان دەکـات بـە چـەنـد جـۆرێـک: کـانـزاکـان (وەک: سـەفـاری و ئـاسـنـگـەری)، ڕووەکـیـیـەکـان (وەک: دروسـتـکـردنـی شـەربـەت لـە مـیـوەکـان و سـرکـە و خـۆشـاو)، ئـاژەڵـیـەکـان (وەک: ڕاوکـردن، بـەیـتـەرسـازی، دەبـاغـی"پـێـسـتـە خـۆشـکـردن")، وە جـەسـتـەی خـەڵـک (وەک: جـوانـکـاری، پـزیـشـکـی، مـامـۆسـتـایـەتـی). هـەروەهـا نـاوبـراو پـێـی وایـە هـەنـدێ پـیـشـە تـایـبـەتـن بـە دروسـتـکـردنـی پـێـداویـسـتـیـەکـانـی ڕابـواردن و جـوانـکـاری وەکـو (ئـاوریـشـم، بـۆن)، و هـەنـدێ پـیـشـەی تـر جـیـا دەکـاتـەوە کـەوا تـەنـهـا پـەیـوەسـتـن بـە بـەکـارهـێـنـانـی ئـەنـدامـەکـانـی جـەسـتـە، بـێ ئـەوەی پـێـویـسـتـی بـە مـادەیـەکـی تـر بـێـت (وەک: وتـاربـێـژی، سـەمـاکـردن) (الشـيـخـلي، ١٩٧٦: ٢٩).

ڕایـەکـی تـر هـەیـە کـە ئـیـبـن بـن خـەلـدون(١٣٣٢_١٤٠٦ز) و ئـیـمـامـی غـەزالـی(١٠٥٨_١١١١ز) ڕابـەرایـەتـی دەکـەن، پـیـشـەگـەری بـە پـێـی

پێویستی ئەو پیشانە دابەش دەکەن بۆ دوو بەش: یەکەمیان ئەوانەی پێویستن بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک ئەگەر سەرەتاییش بێت (وەک: دارتاشی، ئاسنگەری، بەرگدووری)، دووەمیان ئەوانەی تایبەتن بە ڕازاندنەوە و جوانکاری (وەک: دەباغی، زێڕینگری، سەماکردن، گۆرانی، باخچەی ئاژەڵداری) (الشیخلي، ۱۹۷٦: ۳۰).

هەرچی بێرنارد لویسە[۲] پێشەگەری دابەش دەکات بۆ سێ گروپی سەرەکی: یەکەمیان ئەوانەی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان دابین دەکەن، ئەویش سێ لقە (ڕستن، کشتوکاڵ، خانووبەرە)، کە پێداویستی پۆشاک و خۆراک و شوێنی حەوانەوە دەستەبەر دەکەن. دووەمیان بازرگانی کاڵای لاوەکی و بەرهەمە دروستکراوەکان کە یارمەتیدەری گروپی یەکەمن. سێیەمیان کاڵای خۆشگوزەرانی (وەک: ئاوریشم، کوتاڵی چنراو، بۆن...هتد) (لویس، ۲۰۰۳: ۱۷۷).

پۆلێنکردنێکی تریش هەیە، پیشە دەستییەکان لەسەر بنەمای سوود و پلەبەندی دابەش دەکات، لەسەروشیانەوە ئەوانەی ناتوانرێن فەرامۆش بکرێن وەک کشتوکاڵ، و کاڵای گرانبەهای وەک زێڕ و گەوهەر، هەروەها ئەوانەی پەیوەستن بە بلیمەتی و پیشە بەهرەییەکان، پاشان کاری کارکەرانی گەرماوەکان و هەندێ پیشەی وەک نیگارکێشی بە زەیت و مۆزیک ژەنین (لویس، ۲۰۰۳: ۱۷۷).

دەرکەوتنی دیاردەی پیشەگەری بەرهەمهێن لە پیشەسازی ماڵەوە دەستی پێکردووە لەسەر دەستی کشتیار و بە سود وەرگرتن لە کەرەسە خاوەکان، هەر بۆیە ئەو جۆرە پیشەگەرییە لە نێوان

سەدەکانی دەیەم و پازدەمی زاینی بە پێشکەوتووترین شێوەکانی بەرهەمی پیشەسازی دادەنرا (الجبوري، ١٩٨٠: ٧١).

کرداری جیابوونەوەی پیشەگەری لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و دەرکەوتنی پیشەسازی دەستکرد لەڕووی پەرەسەندنی مێژووییی، ئەوا ئەنجامێکی حەتمییە بۆ گەشەسەندنی هێزی بەرهەمهێن بەو پێیەی هەندێک خۆیان تەرخان دەکەن بۆ پیشەگەری، ئەوەش دەبێتە هۆی سەربەخۆیی پیشەسازی لە چالاکییە بەرهەمییەکانی تر. لەلایەکی تریشەوە پیشەگەری یارمەتیدەری قوڵبوونەوەی دیاردەی ئاڵوگۆڕی دەکات لەسەر ئەو بنەمایەی کە پیشەگەر تەنها بەشی پێویستییەکانی خۆی بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو زیادە بەرهەمیشی دەبێت و ئاڵوگۆڕی پێ دەکات.

جۆرەکانی پیشەگەری لە نێو گوندنشینەکان و شارنشینەکانی ئەنادۆڵ بەر لەهاتنی عوسمانییەکان بوونیان هەبووە، گوندنشین و بەدوەکان پشتیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستووە، بۆیە پیشەکەیان زیاتر پەیوەست بووە بەو دوو چالاکییە ئابوورییە (کوپریلي، ١٩٦٧: ٧٩)، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین گوندەکان و کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان دەرفەتی زۆریان بۆ ڕەخساوە بۆ دروستکردنی کالای خۆجێیی (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٢٨). هەرچی شارەکانن ئەوا دوای گەشەکردنیان پیشەگەرەکان زۆرترین گلۆتی دانیشوانیان پێکدەهێنا، تەنانەت کۆڵەگەی ژیانی شارستانی و هێزی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئیداری و دارایی و هەڵگری چەک، هەرخۆیان بوون (کوپریلي، ١٩٦٧: ١٠٦)، و لە دروستکردنی

پێداویستی و کالا گەورەکان هەر ئەوان پێشڕەو بوون (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٢٨).

سەبارەت بەسەرەتای دەرکەوتنی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەوا دیاریکردنی کارێکی ئەستەمە، تەنانەت کۆتاییەکەشی، بگرە ڕەگ و ڕیشەیەکی لەمێژینەی هەیە لەگەڵ بەردەوامی ژیانی مرۆڤ و لە گۆڕانیشدایە، بۆیە لە دەوڵەتی عوسمانیشدا پیشەگەری مێژوویەکی زووتری هەیە لە دروستبوونی خودی قەوارەکە کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەمی زاینی ، چ لە ناوچەکە و چ لەناو ئەو هۆزەی دەوڵەتەکەیان دامەزراند.

بەر لە هاتنی عوسمانییەکان لە سەردەمی سەلجوقیە ڕۆمەکانەوە (١١٧٧_١٣٠٠ز) لە ناوچە جیاجیاکانی سنوورەکە (ئاسیای بچووک) کۆمەڵێکی زۆری پیشەگەر و بازرگان و جوتیار، لەشێوەی کۆمەڵی نیمچە سیاسی بڵاوببوونەوە، خەریکی چالاکی جۆراوجۆر بوون (صباغ، ١٩٩٩: ١٠٤)، جگە لەوەش عوسمانییەکان خۆشیان لەناوەڕاستی ئاسیا لە نزیک بەلخ[٣] لە سەرەتاکانی سەدەی سێزدەمی زاینی خەریکی پیشەی شوانکاری بوون (صباغ، ١٩٩٩: ٧٥_ ٧٦).

## ڕۆڵی پیشەگەران لە فراوانخوازی و شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا:

لەسەرهەڵدان و فراوانبوونی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا پیشەگەران ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە یارمەتی دانی شەڕکەران، بەتایبەتیش ئەوانەی پێشوتر لە ناوچەکە بوون، ئەوەتا کۆمەڵەی (ئەخیان)[٤] کە لەهەموو کون و کەلەبەر و گوندێکی ناوچەکە تەکیە و

خانەقایان هەبووە، ڕۆڵێکی باڵایان دیوە شانبەشانی شەڕکەرە عوسمانییەکان لە فتوحاتدا (کوپريلي،١٩٦٧: ١٥٥).

کاتێک عوسمانی کوری ئەرتوغرول (١٢٩٩_١٣٢٦ز) هێرشی کردە سەر ناوچەکانی دەوڵەتی بێزەنتی، ئەندامانی ئەخیان یارمەتی بەرچاویان پێشکەشی شەڕکەرە عوسمانییەکان کردووە و چونەتە پاڵ هێزەکانیان، جگەلەوەش لە دابینکردنی پێداویستی شەڕکەرەکان جێ پەنجەیان دیارە (بروکلمان، ٢٠٠٠: ٤٠٩)، بە تایبەت کە ئەو گروپە پێکهاتبوون لە پیشەگەر و بازرگانەکان و لەسەر تەریقەتی سۆفیگەری دەڕۆیشتن، بۆیە شتێکی ئاساییە کەوا بەهۆی تەریقەتەکەیانەوە هان بدرێن و بۆ جیهادکردن دژی بیزەنتیەکان بچنە پاڵ هێزە شەڕکەرەکانی عوسمانی. لەلایەکی تریشەوە بەهۆی پیشەکەیان و توانستی ئابووریان توانیویانە پێداویستییە لۆجستییەکانی شەڕکەرەکان بۆ شەڕ دابین بکەن یان دروستی بکەن، بەتایبەتی ئامێر و چەک، بەمەش ڕۆڵی دیاری ئەو پێشەگەرانەمان بۆ دەردەکەوێت لە سەرهەڵدان و دامەزرانی دەوڵەتی عوسمانیدا.

پیشەگەرانی گروپەکانی ئەخیان ڕۆڵیان هەبووە لە نیشتەجێکردنی موسڵمانان لەو شوێنانەی عوسمانییەکان دەیانگرت، ئەوەتا لەگەڵ ئۆرخانی غازی(جەنگاوەر) (١٣٢٦_١٣٦٠ز) بەشداربوون لە گرتنی شاری بۆرسە[٥] و دواتریش لەوێ نیشتەجێ بوون و تەکیەی تایبەتیان لێ دروستکرد (مانتران، ١٩٩٣: ٤١)، هەروەها عوسمانییەکان سودێکی زۆریان لەو پیشەگەرانەش وەرگرت کە پێشتر لەو شارە بوون، بەتایبەتی کە ناوچەیەکی

ستراتیژی بوو لە ئەنادۆل بۆ بەرهەمهێنانی چنین و کڕین و فرۆشتنی ئاوریشم (صباغ، ١٩٩٩: ٧٦)، دیارە لەو شارەدا پیشەگەرانی ئاوریشم کۆمەڵەیەکی ئابووری گرینگی شارەکەیان پێکهێناوە، بۆیە بەهاتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کەلێنێکی گەورەیان پڕکردۆتەوە، لە کاتێکدا عوسمانییەکان لەسەرەتای فراوانخوازی دابوون و هێشتا لە ڕووی ئابووریەوە لاوازبوون.

لەشەڕەکانیشدا لەکاتی پێویست دەوڵەتی عوسمانی پەنای بۆ پیشەگەران بردووە، هەروەک سوڵتان مرادی چوارەم (١٦٢٣_١٦٤٠ز) بۆ دەسکەوتنی هاوکاری هەموو توێژ و تاکەکانی گەل لە گردبوونەوەیەکی گەورەدا لە ئەستانبۆل داوای لە هەموو سنفەکان و پیشەگەران کرد بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری و بەشداری کردن لە شەڕدا دژی ئێران (لویس، ١٩٨٢: ١٤٣).

## کاریگەری شارستانیەتە جۆراوجۆرەکان لەسەر پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا:

ئەگەرچی عوسمانییەکان خۆیان بەهۆی پێداویستیەکانی ژیان و سروشتی ژینگەکەیان، هەندێ پیشەیان زانیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک هەر دیاردەیەکی شارستانی پیشەگەری عوسمانی کەوتۆتە ژێر کاریگەری شارستانییە جیاجیاکانی ناوچەکە و دەوروبەر، و زۆر پیشەی لێوەرگرتوون و پەرەی پێداون.

سەبارەت بە ئیسلام، ئەوا سیستەمێکی ئاینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تەواوی لە شەریعەت بۆ عوسمانییەکان جێهێشتووە (أنیس، د.ت: ٦١)، دیارە ئەو پیشەگەرانەش دەستەیەکی پێکهاتە

کۆمەڵایەتییەکە بوون، لە هەمان کاتدا پابەندی بنەماکانی ئیسلام بوون و ئەو پیشانەیان بەگوێرەی شەریعەت ئەنجام دەدا. بەو پێیەش کە عوسمانییەکان میراتگری سەلجوقییەکان بوون، بۆیە لەزۆر لایەنەوە کاریگەری ئەوانیان لەسەرە و سودیان لێوەرگرتوون، بەتایبەتیش لە پیشەکانی پەیوەند بە ڕستن و چنین، چونکە ئەو پیشەیە لەسەردەمی سەلجوقییەکان هەنگاوی گەورەی ناوە لە ناوچەکەدا (صباغ، ١٩٩٩: ٢٩٧_ ٢٩٨).

شارستانییەتی ئێرانیش لەو کاریگەریە جێ پەنجەی دیارە، بەتایبەتی هەردوو وڵات لەزۆر تایبەتمەندیدا خاڵی هاوبەشیان هەیە، و زۆر بەهرە و ئەزموونشیان لەیەکتر وەرگرتووە، بۆ نموونە لە سەدەی شازدەم دوای گرتنی تەورێز لەساڵی ١٥١٤ز لەلایەن عوسمانییەکان چل پیشەگەری ئێرانی هێنرانە ئەستانبۆل و ئەزمونی خۆیان گواستەوە ئەوێ و بەردەوامییان بە پیشەکانیان دا (زیدون، ٢٠٠٣: ٧٨)، لەناویاندا دوو پیشەگەری هونەری نیگارکێشی هەبوون، کە دواتر کۆشکی سوڵتان بەتەواوی پشتی بە بەهرەکانیان بەستووە (صباغ، ١٩٩٩: ٢٩٢).

کاتێک عوسمانییەکان لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢_١٥٢٠)ەوە گەیشتنە ناوچە کوردییەکان بەتایبەتی ئامەد و ولایەتی موسڵ و دواتر ناوچە عەرەبییەکان لە شام و میسر و حیجاز، کە هەریەکە و دەستی باڵایان لە چەندین جۆری پیشەی دەستی هەبووە کە بە تایبەتمەندییەکانیان دەناسرێنەوە، بەمەش ئەزموونی کورد و عەرەبیش تێکەڵ بەو شارستانییەتە بوو و ئەوانەش بوونە بەشێکی تر لە شارستانییەتی عوسمانی.

ئـەوەی تێبینـی دەکـرێ عوسـمانییەکان بـەهۆی فراوانخوازیـان لەسـەر حیسـابی بێزەنتە و ئـەوروپا و مەسـیحییەکان، سـوودیان لـە توانـا و ئەزمـوونی پیشـەگەری ئـەو ناوچانـەش وەرگرتـووە، ئەوەتـا لەدوای گرتنـی شـارە ئەوروپییەکـان لەسەروشـیانەوە قوسـتەنتینیە (ئەسـتانبۆل) لە سـاڵی ١٤٥٣ز پیشـەگەرێکی زۆری نـاوچەکە تێکەڵـی کـۆمەڵگەی عوسـمانی بـوون، جـگە لەوانەی بە بڕیـاری سـوڵتان لەشـوێنە گیراوەکانی تری ئەوروپا گوازرانەوە ئەسـتانبول، هەر بۆ وێنە لە پیشەی وەستای بیناسازی سوودیان لـە هونـەری بیزەنتـی و ئیتاڵی وەرگرتووە (حسون، ٢٠٠٢: ٢٩٦), جگە لەوەی کە سـودیان لە یاسـاکانی ئەوروپـاش وەگرتـووە سـەبارەت بە خـاوەن پیشـەکان بەتـایبەت ئەو یاسـایانەی دەگونجـان لەگەڵ کـۆمەڵگەی عوسـمانی (کوندز و اوزتورک، ٢٠٠٨، ٢٤٠وبعدها).

وێـڕای ئەمانـەش ئـەو نەتەوانـەی لە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عوسمانیدابوون هەریەکەیان بە پیشەیەک یان زیاتر بەناوبانگ بوون، کە ئەمەش بۆتە هۆی دیاربوونی جێ پەنجەیان لەسـەر ئـەو پیشـانە، بـۆ نمونـە یۆنانییـەکان و جـولەکە بـە بازرگـانی و ئەرمـەن بـە پیشـەگەری هەمەجـۆر ناسـرابوون و ئەوانـیش ببـوونە بەشـێکی دانەبڕاو لە کەلتوری عوسمانی (هرشلاغ، ١٩٧٢: ٢٨).

عوسـمانییەکان سـودیان لە ئەزمـوونی پیشـەگەری چینییـەکانیش وەرگرتـووە، بەتـایبەت لـە پیشـەی ڕسـتن و چنیندا و لـە نەخشـاندنی کاڵا چنراوەکانیان بە نیگارەکانی وەک وێنـەی گوڵ و دار و باڵندە و ئـاژەڵ، کـە لەسـەر ئـەو بەرهەمانـە دەیـان نەخشـاندن (صـباغ، ١٩٩٩: ٢٩٢).

**بایەخدانی سوڵتانەکان و دەوڵەت بە پیشە و پیشەگەران:**

پیشـــەگەری پێگەیەکـــی تـــایبەتی هەبـــووە لای ســـوڵتانەکان و لەهەندێ سەردەمی سەرەتاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا سوڵتانەکان و دەســـەڵات ســـەرچاوەکانی دەســـکەوتنی ســـامان و داهاتیـــان دیاریکردووە و پشتیان بە سێ تا چوار کەرت بەستووە، یەکێک لەو کەرتانەش پیشەگەری بووە (إينالجيك، ٢٠٠٧: ٩٧)، ئەوەش ئەوەمان بـۆ دەردەخـات کە هەر زوو سـوڵتانەکانی عوسـمانی هەسـتیان بـە گرینگـی پیشـەگەری کـردووە لـە کۆمەڵگاکەیانـدا، وەک بنەمایـەکی ئابووری و دابینکاری کۆمەڵایەتی، بۆیە بایەخیان بە هەندێ پیشەی تایبەتی داوە، بە تایبەتیش ئەو جۆرە پیشانەی کاریگەریان زیاترە لە پێشخستنی وڵاتدا.

شـیاوی باسـە بەرهـەمی پیشـەگەران هـەردەم لـە پلـەی دوای بەرهەمە کشتوکاڵی و شوانکارییەکان دەهات، کە بەشێکی گەورەی داهاتی دەوڵەتی پێکدەهێنا (أنيس، ب.ت: ٦٤_٦٥ ؛ صباغ، ١٩٩٩، ٨٢), ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـە دەوڵـەتی عوسـمانی پێویسـتی بـەوەیە بایەخی زیاتر بدات بە بوارەکانی تر جگە لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، تـاکو بتوانێت بەربـەرەکانی دەورووبـەر بکـات بەتایبـەتیش ئـەوروپا، جگە لەوەش دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەکانی سەرەتادا بەردەوام لە فراوانخـوازی دابـوو، پێویسـتی بـە دروسـتکردنی ئامێرەکـانی شـەڕ هـەبوو، هـەروەها دام و دەزگـا کارگێڕییەکـانی لـە زیادبوونـدابوون، ئەمەش پێویسـتی بـە دەسـتی وەسـتا و بیناسـازی زیـاتر هـەبوو، شارەکانیش بەردەوام زیاد و فراوان دەبوون، بۆیە خزمەتگوزاری

پیشەگەری زیاتری دەویست، جگە لە زیادبوونی سیمای ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و جوانکاری.

لەسۆنگەی هەستکردن بەو گرنگییە ئۆرخانی غازی کوڕی عوسمانی یەکەم لە ساڵی (١٣٤٠ز) مەڵبەندێکی بازرگانی گرینگی لە بۆرسە دامەزراند کە بازاڕێکی گەورە و بزستانێکی[٦] لە خۆدەگرت (زیدون، ٢٠٠٣: ٢٨)، هەروەها سوڵتان محمد فاتح (١٤٥١ – ١٤٨٢) بەشێوەیەکی فراوان زەمینەی پیشەگەری خۆشکردووە بەدروستکردنی بازاڕی گەورە و دوکان و گەرماو و بیناسازی، هەروەها بایەخێکی زۆریشی بەپیشەی بازرگانی و پیشەسازی دروستکردنی چەک و تەقەمەنی داوە، ئەمەش بۆتە هۆی گەشەکردنی ئەو پیشانە لەسەردەمی ئەو سوڵتانە (الصلابي، ٢٠٠٦: ١٣٦)، هەر خۆیشی ژمارەیەک پیشەگەر و پیشەساز و شارەزای دروستکردنی تۆپی لە ئەوروپا هێناوە بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و هەنگاریا (حسون، ٢٠٠٢: ٣٩٣ ؛ زیدون، ٢٠٠٣، ١١٣)، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ گرینگی دانی فاتح بە پیشەی دروستکردنی چەک زیاتر بەهۆی ناچاربوونی بووە لە ئەنجامی شەڕەکانی لەگەڵ ئەوروپا کە پێشتر پشتیان بەکەوان دەبەست (زیدون، ٢٠٠٣: ١١٠)، بایەخدان و چاودێری محمد فاتح بەشێوەیەک بوو، بە فەرمانێک کە سوڵتانەکانی دوای ئەویش پێوەی پابەندبوون قەدەغەی کرد پۆلیس بچێتە سەر بازاڕی دەباغەکان و سەراجەکان(کورتاندروو) و تەونچی و جۆلاچییەکان لە پایتەخت، دواتر بازاڕی میسر و بیزستانیش هەمان ئیمتیازیان وەرگرت لە سەلتەنەت، وە ڕێگە بە دەباغەکانی ئەستانبۆل و ئەدرنە[٧] درا دەست بە یەکێک لە نەریتە باوەکانیانەوە بگرن، ئەویش نەدانەدەستی ئەو چەتانە بوو کە دەیانگرتن و گلدانەوەیان

لای خۆیان تا دەیانکردن بە پیشەگەری پایە بەرز و ڕێزدار (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٣_٣٢٤).

سـولتانەکانی عوسـمانی کـە شـوێنێکیان دەگـرت ژمارەیـەک پیشـەگەری ئـەو شـوێنەیان دەگواسـتەوە بـۆ ئەسـتانبۆل، هـەروەک سولتان محمد فاتح دوای گرتنی قوستەنتینیە (ئەستانبۆل)، بۆ ئەوەی بیکـاتە گەورەتـرین پـایتەختی جیهـان داوای لە دەسـەلاتدارانی ویلایەتەکـان کـرد کە چـوار هەزار خێـزان لە ناوچەکـانی بالکـان و ئەنادۆل بنێرن بۆ نیشتەجێکردنیان لە ئەستانبۆل، بۆ ئەمەش مەرجی ئەوەی نەبوو موسلمان بن، بەلکو تەنها ئەوەندە بەس بوو ئەندامێکی خێزانەکەیان پیشەگەر یان بازرگان بێت، تەنانەت بەلێنی دابینکردنی شـوێنی نیشتەجێبوونیشـی پێ دان، کـاتێکیش فەرمـانەکە وەک خـۆی جێـبەێ نەکـرا، سـولتان بەخـۆی لەو شـارە گرنگـانەی تـا ئەوکـات گیرابـوون ژمـارەیەک پیشـەگەر و بازرگـان و دەولەمەنـدی دەستنیشانکردن و گواستنیەوە بۆ ئەستانبۆل و جێهێشتنی شاریشـی لێ قەدەغەکردن، لەبەرامبەریشدا لەهەندێ باج و خزمەت بەخشـران (ینالجیـک، ٢٠٠٢، ٢١٨)، ئەوەش جـارێکی تـر ئەوە دەرەخـات کە سـولتانەکان لەو ڕوانگەشـەوە سـەیری پیشـەگەرییان کـردووە کە سـیمای گەشـەپێدانی شـار و دەولەت بـوون، بـۆیە لەبەرامـبەر پیشـەگەران چاوپۆشـیان لەزۆر شـت کـردووە تەنـانەت ئاینـداریش وەلانـراوە و لە زۆر ئەرکیش بەخشـراون و ئیمتیـازی تایبەتیـان پێ دراوە.

سـولتان سـەلیمی یەکـەمیش لەسـۆنگەی هەسـتکردن بە پـێگەی پیشـەگەران کاتێـک لـە شـەڕی چالـدیران (١٥١٤ز) سـەرکەوت و

تەوریزی پایتەختی سەفەوییەکانی گرت، هەروەک ئاماژەمان پێکرد یەکێک لە کارەکانی ناردنی چل پیشەگەری جۆراوجۆری هەڵبژاردە بوو لە تەوریزەوە بۆ ئەستانبۆل (زیدون، ١٩٩٧: ٧٨)، نەک هەر بۆ ئەستانبۆل بەڵکو ئەو شوێنانەی تریش کە دەکەوتنە ناو بازنەی دەوڵەتی عوسمانی. سوڵتان سەلیم پیشەگەری ئەوروپی بۆ دەگواستنەوە، حەلەبیش یەکێک لەو نموونانەیە، هەرچەندە بوونی ئەو پیشەگەرانە و بازاڕی ڕۆژئاوایی لەو شارە زیانی بە پێشەگەرە خۆجێییەکان گەیاندووە بە وتەی توێژەرێک, بەو پێیەی دەرفەتی پیشەگەری ناوخۆیان تەسک کردۆتەوە (آلتونجي، ٢٠٠٤: ٨٨_٨٩). سوڵتان سلێمانی قانونیش (١٥٢٠_١٥٦٦) دوای فراوانبوونی سنووری دەوڵەت و پەرەسەندنی زیاتری پیشەگەری و بەمەبەستی باشتر ڕێکخستنی یاساکانی ئەوروپای هێنا و سوودی لەوانەیان وەرگرت کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا دەگونجان، لەنێویشیاندا یاسای تایبەت بە خاوەن پیشەکان (کوندز و اوزتورک، ٢٠٠٨: ٢٤٠وبعدها).

بایەخدانی سوڵتانەکانی عوسمانی بە پیشەگەری نەک تەنها لەبەر پێویستی کۆمەڵگە و بایەخە ئابووریەکەی بووە، بەڵکوو بۆ کۆشک و بۆنە و مەراسیمە تایبەتییەکانی خۆشیان پێویستییەکی زۆریان پێیان هەبووە، ئەوەتا سوڵتانەکان زۆر پیشەگەری تایبەت بە کۆشکی خۆیان هەبووە، بۆنمونە کۆشک سەرتاشی تایبەتی هەبووە و پلەی (بەربەرباشی)(٨) هەبووە کە سەرپەرشتی سەرتاشەکانی ژووری شەڕی دەکرد، (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٧٤), هەروەها کۆشک چل بەرگدووری تێدابوو کە جل و بەرگی فەرمانبەرانی کۆشکیان دەدووری، ئەوانەش لەلایەن کەسێک سەرۆکایەتی دەکران پێی

دەوترا (تەرزی باشی)[٩]، جگە لە چەندین پیشەگەری تریش (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٨٤).

پیشەگەران لە بۆنە و ئاهەنگە فەرمییەکانیش کە سوڵتان فەرمانی پێ دەکرد ئامادەییەکی بەرچاویان هەبووە، بەتایبەتی ئاهەنگەکانی لەدایکبوون و خەتەنەکردنی کوڕی سوڵتانەکان، بەجۆرێک هەر گروپێک لە پیشەگەران بە هەڵگرتنی ئاڵا و دروشمی پیشەکەیان نمایشیان دەکرد، زۆرجاریش نمونەیەکی بەرهەمی پیشەکەیان پێشکەشی سوڵتان و وەزیرەکان دەکرد (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٠).

بەشداری پیشەگەران لە ئاهەنگە گەورەکان تەنها لە پایتەخت نەبووە، بەڵکو لە شارەکانی تریش لەو ڤستیڤاڵانەی بەفەرمانی سوڵتان لە سەرانسەری دەوڵەت سازدەکران شوێنیان دیاربوو، ئەوەتا لە کەرنەڤاڵی لەدایکبوونی کوڕێکی سوڵتان مستەفای سێیەم (١٧٥٧-١٧٧٢) لە موسڵ کە حەفت ڕۆژی خایاندووە بە دەهۆڵ کوتین و تۆپ تەقاندنەوە، پێشەگەران لە ڕۆژی کۆتایی ڕوویان کردۆتە سەرا و پۆل پۆل بەپێی پیشەکانیان نمایشیان کردووە، هەروەک نانەوا نانی لە تەنور دەدا و بەسەر ئامادەبوانی دابەش دەکرد و دارتاش دار و تەختەی دەتاشی و ئاسنگەر و ئەوانی تریش بەهەمان شێوە (الجمیل، ١٩٩٩: ١١٧).

پشت بەستن بە پیشەگەران بە جۆرێک بووە لە هەستیارترین کاردا لەلایەن سوڵتانەکان و حکومەت ڕۆڵیان پێ دراوە, کە ئەویش لێدانی پارە بوو، کە لە کانزاکان دروست دەکران و دەنەخشێنران،

ئەگەرچیش دەزگای تایبەتی دەوڵەت بەڕێوەی دەبرد، بەڵام کاری دەستی و هونەرییەکەی بە پێشەگەرە مامۆستا و کارامەکان سپێردرابوو (باموک، ٢٠٠٥، ٨٢).

بایەخدان بە پێشەگەری و پێشەسازی گەیشتە ئاستێک هەندێک لەو پیشانە بەشێوەیەکی زانستی خوێندراون و فێرکراون، ئەویش بە دامەزراندنی کۆلێژی پیشەسازی یان قوتابخانەی هونەری لە ئەستانبۆل لە سەدەی نۆزدەمدا (النعماني، ٢٠٠٣: ٦٥).

**پەرەسەندنی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا:**

لەگەڵ فراوانبوون و بەهێزبوونی دەوڵەتی عوسمانی و گەشەکردنی ژیان، ئیتر بوارەکانی پیشەگەری بەهەموو جۆرێکییەوە لە ڕووی چەندایەتی چۆنایەتییەوە گەشەکردنێکی دیاری بەخۆیەوە بینی، لە کاتێکدا هەرشوێنێک بەچەند جۆرە پیشەیەک بەناوبانگ بوو لە پیشە دەستیەکان.

بەگرتنی شاری (بۆرسە) لەلایەن ئورخان لەساڵی (١٣٢٦ز) و دواتر کردنی بە پایتەخت، پیشەگەری پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، بەهۆی ئەوەی کە ئەو شارە مەڵبەندێکی گرینگی پیشەگەری بوو، بە تایبەتی پیشەی ڕستن و چنین، و لەسەردەمی سوڵتان مرادی یەکەم (١٣٦٠ – ١٣٨٩ز) پیشەگەری فراوانبوونی زیاتری بەخۆوە بینی، لە ئەنجامی گرتنی هەریەک لە شارەکانی (ئەدرنە) لە ساڵی ١٣٦١ و (سالۆنیک)[١٠] لە ساڵی ١٣٨٩، کە بوونە مەڵبەندی گەورەی پیشەگەری و بازرگانی لەبەر جۆراوجۆری کاڵا و ناوداری

بەرهەمـەکانیان، سـەرەنجام بوونـە هـۆی دەوڵەمەندکردنی خەزێنـەی دەوڵەت (صباغ، ١٩٩٩: ٧٦_٧٧).

گرتنـی قوسـتەنتینیە و کردنـی بـە پایتـەخت، وەرچـەرخانێکی گـەورەتربوو لـە هـەموو لایـەنێکی ژیـاری و ئـابووری لـە دەوڵـەتی عوسـمانیدا و تەکـانێکی گەورەی دایە پیشـەگەری، لەلایەکـەوە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بوو، زۆرترین ژمارەی پیشـەگەر و هونەرسازی تێدا کۆببووەوە و مەڵبەندی بازرگانیش بوو، لەلایـەکی تریشەوە دوای هاتنی عوسمانییەکانیش پێگەی بەهێزتر بوو، بـەهۆی بـوونی ژمارەیـەکی زۆری دانیشـتوان و بـازاڕی گـەورە و دوکـان و کرێکار و کۆڵبەر و سەرتاش و بیناساز و... هتد، کە ئەمانە هەمووی بوارەکانی پیشەگەریان فراوانتر کردووە.

تێبینـی دەکرێت لەسـەدەی پـازدەمی زاینـی هێشـتا پیشـەگەری نێوخـۆیی نەیتوانیـوە کـالای پێویسـت بـۆ نـاوخۆ بەرهەم بێنـێ و نەتوانراوە کەرەسە خاوەکانیش بۆ پیشـەکان دەستەبەر بکرێن، هەر بـۆیە دەبینـین هەنـدێک لەو کـالا و کەرەسـە خـاوانە لەنـاوچە جیاجیاکـانی ئەوروپـا هـاوردەی وڵات کـراون (مـانتران، ١٩٩٣: ١٨٣_١٨٤).

بـەهاتنی کوردسـتان و عێراق و شـام و میسـر و حیجـازیش بـۆ ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی لەسەدەی شازدەمدا، هەندێک پیشەی تـازە هاتنـە نـاو بـواری پیشـەگەری عوسـمانی کـە مـۆرکی کـوردی و عـەرەبییان پێوە دیاربوو، تەنانـەت بـەهۆی گرنگییـان لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست و بایەخی ئابووری و ستراتیژیان بوونە هۆی بوژانـەوەی

ئابووری دەوڵەتی عوسمانی (یحیی، ب.ت: ٤٤٤)، هەروەک دیمەشق و موسڵ ناسرابوون بەزۆری پیشەگەری جۆراو جۆر، بگرە زۆربەی شارە عەرەبییەکانی تریش، گرنگترین ئەو پیشەگەرانەش بریتی بوون لە دەباغچییەکان و دەریاوانەکان و قەزازەکان و خەمچییەکان و شەعارەکان و زەیتچییەکان و ڕۆنچییەکان و بۆیەچییەکان... هتد (الجمیل ، ١٩٩٧, أ: ٨٩).

لەدوای فراوانخوازییەکانیش لە قۆناغی ئاشتی و ئارامیدا ئاماژەی ڕوون هەن بۆ گەشەی پیشەگەری لەناوچەیەکی فراوانی دەوڵەتدا، کە ئەمەش کاریگەری هەبوو بۆ سەر بەهێزبوونی پایەکانی ئابووری و جێگیربوونی بەهای دراوی عوسمانی (باموک، ٢٠٠٥، ٢٩٦_٢٩٧).

شیاوی باسە گەورە بوون و زۆربونی شارەکان ڕۆڵی باڵایان هەبووە لە گەشەسەندنی پیشەگەری، چونکە دوای فراوانبوونی سنووری عوسمانی ڕێگاکانی بازرگانی کرانەوە، ئەمەش بووە هۆی گەشەسەندنی بازرگانی، بەمەش کۆچی دانیشتوانی گوندەکان بەرەو شارەکان دەستی پێکرد، لەئەنجامیشدا شارەکان گەورە بوون و شاری نوێش دروستبوون، ئیتر پیشەکان زیادیان کرد، چونکە شارەکان پێویستی زیاتریان هەبوو لە گشت بوارێکدا، بۆنمونە بۆ بیناسازی پێویست بە وەستاو بۆیەچی و دارتاش... هتد هەبوو، جگە لەوە شارەکان پێویستی زیاتریان بە ڕابواردن و جوانکاری و ڕازاندنەوە هەبووە, زیادبوونی خواستیش لەسەر کاڵا بوژانەوەی پیشەگەری بەدوای خۆیدا هێنا.

بێگومان ئاین پاڵنەرێکی کاریگەر بووە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی بەگشتی و عوسمانی بەتایبەتی بۆ گەشەکردنی پیشەگەری، بەو پێیەی چەندین ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) هانی کارکردن دەدەن و چەندین پێغەمبەر و هاوڕێیانیان پیشەگەریان کردووە، لەمەشدا ئاین هاندەر بووە کە خەڵکێک هەر کارێکی ڕەوا و بە ئاسایی بزانێ.

پەرەسەندنی پیشەگەری بەشێوەیەک بووە، خوێندراون و فێربوونی هەندێک لەو پیشانە بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمییانە بووە ، ئەوەتا شبلی نەعمانی[11] باس لە بوونی کۆلێژێک دەکات لە ئەستانبۆل لە سەدەی نۆزدەم دا بەناوی کۆلێژی پیشەسازی یان قوتابخانەی هونەری کە منداڵە هەتیوەکان تێیدا فێری ئاسنگەری و بازرگانی کراون (النعماني، ۲۰۰۳: ٦٥)، دیارە خوێندن و فێربوونی ئەو جۆرە پیشانە لە دەزگایەکی زانستی ڕۆڵی خۆی دەبێت لە پێشخستنی کەرتی پیشەگەری و پیشەسازی.

لە ئەنجامی دەستگرتن بەسەر ژمارەیەکی زۆری گەلان و تێکەڵبوونی جۆرەها پیشەی ئەوڕوپی و ئیسلامی و هزری جیاواز و فراوانبوونی سنووری دەسەڵاتیان، پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەردەوام تا سەدەی نۆزدەم لە ڕووی چەندایەتی چۆنایەتییەوە لەگەشەکردندابوو، بۆنمونە لە شاری ئەستانبۆل پێش گیرانی لە ١٤٥٣ز ژمارەی جۆرەکانی پیشەگەری (٣٥) پیشەی دیار و کارابوو، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٦٤٠ز ژمارەیان گەیشتە (١١٠٠) پیشە، کە زۆربەشیان بۆ موسڵمان و ناموسڵمانەکان شیاوبوون و بەردەوامیش چەندێتی و چۆنایەتیان لە هەڵکشاندابوو تا

ناوەڕاســـتەکانی ســـەدەی نـــۆزدەم (هرشـــلاغ، ١٩٧٣: ٣٠)، ئەمە و ژمارەی پیشـەگەرەکانیش لە زیادبووندابوون، خەڵکێکی زۆر خۆیان خزاندە نێو ئەو کایەوە، ڕێگەش کراوەبووە لەبەردەم هەمووان، تەنها سەربازەکان و ئینکیشارییەکان لەسەرەتادا مافی کاری پیشـەگەریان نـەبوو، ئـەویش سروشـتی کارەکـەیان ڕێگـەی پێنـەدەدان خـەریکی پیشـەگەری بن، بەڵام دواتـر ئـەوانیش بـەفراوانی هـاتنە ئـەو مەیدانـە (جیب و بوین، ١٩٩٧: ١١٣).

لـە چوارچێـوەی ئـەو پێشـکەوتنەی پیشـەگەری بەخۆیـەوە بینـی کەسـانی بـەتوانا و نـاودار سـەریان هەڵداوە و ناسـراون کە بیناسـاز (ســنان پاشــا)[١٢] لە نمــوونەی ئەوانەیە کــە لــە پیشـــەی خۆیـــدا ســەرکەوتنێکی گـەورەی بەدەسـت هێنـاوە و لـە ئاسـتی جیهـانیش ناوبـانگی دەرکـردووە، بـەهۆی گـەڕانی لـە ناوچـەکانی بیزەنتـە و ئـەنادۆڵ و تـەورێز و حەلـەب و دیمەشـق و قـاهیرەو رۆدس[١٣] و هــەنگاریا و بەغــدا، توانیویــەتی ســوود لــە هونــەری هــەموو ئــەو فەرهەنـگە جیاوازانـە وەربگـرێ و بیناسـازی عوسـمانی ببوژێنێتـەوە (حرب، ١٩٩٩: ٢٤٤_٢٤٦).

گەشــەی ئەو پیشــە دەســتییانە بە شــێوەیەک بــووە ئەگەر لە قۆناغێکدا نەشیان توانیبێت بەرهەمەکانیان بگەیێننە ئاستێک ململانێی کاڵای بیانی بکەن بەڵام لەقۆناغێکی تردا ئەو بەربەستەیان بڕیوە، بۆ نموونە لەناوچەی فیلیبە(بلۆڤدیف)[١٤] جۆرە کوتاڵێک بەرهەم هێنراوە کە زۆر لە پیشـەگەرەکانی گوندنشـینەکان بـوون، لەسـەدەی حەڤدەم بەرهەمەکانیـان لە بازاڕەکـانی شـارە بچوکەکـان دەفرۆشـت یـان فرۆشـیارە گەڕۆکەکـان لەو گونـدانە دەیانفرۆشـت کە بەر لە سـەدەی

نۆزدەم فرۆشیارەکانی کوتاڵی ئەورووپی نەیان دەتوانی بیگەنێ، بەڵام لە سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم پیشەکەیان پەرەی سەند و ئەوجارە لەجیاتی گوندەکان بەرهەمەکانیان دەگەیشتە هیندیش، بەمەش ئەو پیشەی لەسەدەی حەڤدەم شتێک نەبوو جگە لە تایبەتمەندییەکی محەللی دواتر بووە بازرگانییەک کە لە ئاستی دەرەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا (فاروقي و اخرون، ٢٠٠٧: ١٠٤).

پیشەگەران لە چالاکییەکانیان دەستڕەنگینیان نواندووە و لە هەندێ هونەردا ڕێبازە کلاسیکییەکەیان تێپەڕاندووە و داهێنانیان تێدا کردووە و پێش جیهان کەوتوون، وەک ئەوەی پیشەگەرانی کانزای زێڕ و زیو لە موسڵ بە تایبەتمەندی خۆیان هونەرسازییان تێدا نواندووە تا وای لێهاتووە قوتابخانەی موسڵ پێش قوتابخانەکانی دونیا بکەوێت، هەروەها لە پیشەی ڕستن و چنینیش بەهەمان شێوە ناوبانگیان دەرکرد و جۆرێکیان بەرهەم دەهێنا کەبە موسلین ناسرا و خواستی جیهانی لەسەر بوو و هەناردەی هیند و ئەورووپا دەکرا (قاشا، ٢٠١٩: ٢٦٠و٢٦٣).

لە پێشکەشکردنی هەندێ خزمەتگوزاری تایبەتیشدا پێشەگەران برەویان بە چالاکییەکانیان داوە، هەروەک هەندێ لەوانە ڕۆڵیان هەبووە لە دابینکردنی پێداویستی زیارەتکارانی ماڵی خودا (حەجاجەکان) کاتێک دەڕۆیشتن بۆ مەککە، لەوانە دەباغچییەکان و ئاوگێڕەکان (الجبوري، ٢٠١١: ٢٥١).

بەشێوەیەکی گشتی گەشەکردنی پیشەگەری بەپێی بارودۆخ گۆڕانی بەسەرداهاتووە و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە جۆرێکەوە

بۆ جۆرێکیتر و لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکیتر، ئەو پیشانەی بەرهەمی کاڵایان نییە و پەیوەندییان بە بەهرەکانی ترەوە هەیە بەردەوام بەرەو پێشچوونیان بەخۆوە بینیوەو خەڵکی لێیان سودمەند بووە، هەرچی پەیوەندیشی بە پیشە دەستییە بەرهەمهێنەکان هەیە ئەوا لە بزاوتی بەردەوام دابوون و هەندێک لە بەرهەمەکانیان سنووری ناوخۆییان تێپەڕاندوە و هەناردەی دەرەوە کراون و ناوبانگی جیهانییان پەیدا کردووە، لەسەرووی هەموشییانەوە بەرهەمەکانی ڕستن و چنینی وەک مافور و بەڕ و کوتاڵ کە هەریەک لە ئەستانبۆل و موسڵ و حەلەب و ئامەد و بۆرسە و ئەنقەرە و چەند شارێکی تر پێی بەناوبانگ بوون.

**ڕێکخستن و سیستمی پیشەگەری:**

یەکێک لە سیماکانی پێشکەوتنی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانی بریتی بوو لە (سنف) یان (تایەفەشیان پێ دەگوترێ وەک سەندیکا پیشەییەکانی ئێستان), بۆ هەریەک لە جۆرەکانی پیشەگەری، کە پیشەگەران لە چوارچێوەی پابەند بوون بە دەستوور و نەریتی ئەو ڕێکخستنانە کارە پیشەییەکانیان ئەنجام داون و ئامانجی سەرەکیشیان بریتی بووە لە  پاراستنی پیشەگەران و مسۆگەرکردنی ئاستی پێویستییان و دیارکردنی بەهای کار و کاڵاکانیان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لە نێوخۆ و لەگەڵ دەوڵەتدا (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٨٩ ؛ الحمداني، ١٩٨٩، ١٧٥).

ژمارەی سنفەکانی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانی گەلێک زۆرن، بەشێوەیەک بۆ هەموو جۆرە پیشەیەک و هەر شارێکی

عوسمانی سنفی تایبەت بەخۆیان هەبووە و لەهەندێ سەردەم بۆ ئاینزاکانیش بەجیا، لە شارە گەورەکان بە دەیان و سەدان سنفی پیشەگەری هەبووە، (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٢٣٩).

سنفەکانی پیشەگەری لەلایەن چەند کەسێکەوە بەڕێوە براون و لەسەرووی هەر سنفێک کەسێک هەبووە نوێنەرایەتی کردوون لەبەرامبەر دەوڵەتدا و کارەکانی ناوخۆی بەرێوەبردووە، کە پێی دەوترا (کتخدا)[١٥] یان (شێخ) (اینالجیک، ٢٠٠٢، ٢٣٦)، لە پاڵ هەر کتخدایەک یاریدەدەرێک هەبوو پێی دەوترا (یاگیت باشی– مامۆستای گەورە)، گرنگترین ئەرکی بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی سنف لەکاتی ئامادەنەبوونی شێخ (الجميل، ١٩٩٧، أ: ٨٦ ؛ جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٥)، پلەیەکی تریش هەبوو بەناوی (شێخی سنفەکان) لە ئەنادۆڵ پێی دەوترا (کتخدای گەورە) کە سەرۆکایەتی هەموو سنفەکانی پیشەگەری دەکرد، واتا دەستەیەک هەبوو کەوا شێخی هەموو سنفەکان ئەندام بوونە تێیدا و شێخی سنفەکان سەرۆکایەتی کردوون (الجميل أ، ١٩٩٧: ٨٦).

هەموو پیشەگەرێک بەپێی جۆر و تایبەتمەندی پیشەکەی ئەندام بوو لە سنفەکانی پیشەگەری لە ناوچەکەی خۆی جگە لە ئافرەت و پیشەگەری گەڕۆک و کۆیلە (فاروقي و اخرون، ٢٠٠٧، ٢٧٨_٢٨٠)، ڕێکخستنی ئەندامەکانی ناو سنفیش بە شێوەیەکی دینامیکی بە پلەبەندی بوو لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەپێی کارامەیی پلەکان بەرز دەکرانەوە.

پلە پیشـەییەکان لەسـەرەتای پەیوەنـدی کردنـی خوازیارێـک بە وەستایەک دەستی پێدەکرد بە پلەی (جیراک_ شاگرد)، کاتێک شاگرد توانـای پیشـەیی بەرز دەبـووەوە پـلەکەی بەرزدەکـرایەوە بـۆ (اجیـر _کریێ گرتە), لە دوای فێربوونی زیاتری پیشەکەی دەبووە (خەلفە_ صانع)، دواتر وەستا (اوسطە _ المعلم) کە دوا ئاستی لێهاتوویی بوو لە پیشـەدا و خـاوەنی دوکـان و شـاگردی خـۆی دەبـوو (هرشـلاغ، ١٩٧٢: ٣٠). بەرزکـردنەوەی هەر پلەیەکـیش بە سـازدانی ئـاهەنگی تـایبەت بـووە بە ئامـادەبوونی ئەندام و پیشـەگەرە دیـار و وەسـتا و پلەدارەکانی ناو سنف (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٧ ؛ الحمداني، ١٩٨٩: ٤٥).

بەشێوەیەکی گشتی ژیانی پیشـەیی لـە بازاڕدا ڕەنگی داوەتـەوە، زۆربـەی ئـەو پیشـەگەرانە گـەر خۆشـیان لـە بـازاڕدا نـەبووبن ئـەوا بەرهەمـەکانیان لـە بـازاڕبوون، بـۆیە پیشـەگەران لەژێـر چـاودێری دەوڵەت دابـوون بەو پێیەی سیسـتەمی بـازاڕ لـە دەوڵـەتی عوسـمانی لـەژێر سـەرپەرشـتی کەسـێک دەبـوو پێـی دەوتـرا (المحتسـب یـان احتسـاب أغاسـی)[١٦] (صـباغ، ١٩٩٩: ٢٢٩), ئـەویش چەنـد ئـەرکێکی لەسەر بووە لەوانـە، کۆکردنـەوەی باج و پیتاک لە خـاوەن پیشـەکان (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٩١)، هـــەروەها سەرپەرشـــتی بـــازاڕ و کـــار و چاودێری ڕاستی و دروستی پێوانە و کیلۆ و تـەرازووەکان و دانـانی نرخ بەڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەت و پیشەگەران (هرشلاغ، ١٩٧٢: ٢٢٩ ؛ صـباغ، ١٩٩٩: ٢٢٩), دانـانی نـرخیش بـە ئامـادەبوونی قـازی دەکـرا، جگە لەوەش محتسب هەڵدەستا بە مۆرکردنی کاڵا و فرۆشتنی هـەر کاڵایەکی مۆرنەکراو قەدەغە بوو (الجمیل ، ١٩٩٧, أ: ٨٨)، لەکاتی هـەر سەرپێچییەک محتسب بـۆی هـەبوو دوکاندار و پیشـەگەرەکە دەسـت

بەجێ سزا بدات، ئەگەر دووبارەشیان بکردبایەوە ئەوا لە پیشەکەیان دەردەکران و بەند دەکران. (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢١)

لە بەها بەرزەکانی پیشەگەران پابەندبوون بوو بە بنەماکانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، ئەوەتا دوکاندارێک گەر کاڵایەکی بفرۆشتایە و کڕیارێکی تری بۆ هاتبایە و دوکانداری تەنیشتیشی ئەو ڕۆژە هیچی نەفرۆشتبایە, یەکسەر کڕیاری دووەمی دەناردە لای ئەو. جگەلەوە سندوقی یارمەتی هەبووە کە هەموو ئەندامانیان بەشداریان تیایدا کردووە و بەکاردەهات بۆ خوێندنی قورئان، و لەکاتی مردنی ئەندامێک خەرجی ناشتنیان پێ دەکرد، و خەرجی ئاهەنگەکانی بەرزکردنەوەی پلەی پیشەگەرانی پێ دەکرا و هەندێک جار بۆ یارمەتی دانی ئەندامانی صنف لەکاتی پێویستی و نەخۆش بووندا (جیب و بوین, ١٩٩٧: ٣١٩).

پیشەگەران بۆیان نەبووە بەبێ پرس و رازی بوونی سنفەکەی هیچ کاڵایەک دروست بکەن و بیفرۆشن، بەتایبەتی ڕێگە نەدەدرا بەگۆڕینی جل و بەرگ و پێڵاو کە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگا نەگونجێ (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٦)، بەڵام ئەمە دەرگا داخستن بووە لەبەردەم پێشکەوتنی جۆرەکانی کاڵا و پیشەسازی و مانەوەیە لەسەر شێوە کۆنەکەی، هەربۆیەش دواتر کاڵای دەستکردی ناوخۆ نەیتوانی بەربەرەکانێی کاڵای بیانی بکات.

شیاوی باسە ئەرک و پابەندییەکانی کۆمەڵایەتی تایەفە و سنفەکان بە تایبەتی سنفی کارە دەستییەکان بەردەوام زیادی کردووە، بەهۆی وەلائی ئاینی، چونکە ئەو سنفانە تەریقەتی ئاینیان

پەیڕەو دەکرد، کاریگەری ئەو تەریقەتانەش ئەوەبوو کە هانی دەدات بۆ سیفەتی دروست و پاک و ڕاستی، بەتایبەتیش لەلای پیشەگەرە موسڵمانەکان (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٢).

**پیشە باوەکان و دابەش بوونیان:**

ئەگەر چی بەهۆی فراوانی دەوڵەتی عوسمانی و پێویستی دەوڵەت و دانیشتوان بە پیشەگەری لەهەموو بوارەکانی پیشەسازی دەستی و ئامێری کلاسیکی، زۆرن ئەو پیشانەی لە دەوڵەتی عوسمانی هەبوون و باوبوون، بەشێوەیەک لە ژمار نایەن، هەروەک نوسەری ڕوسی لۆتسکی دەڵێ لەهەموو ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاوببوونەوە (لوتسکی، ١٩٨٠، ٢٢)، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە لەهەموو شوێنێک هەموو پیشەیەک هەبووبێت، یان وەک یەک و لەیەک ئاستدابن، بەڵکو لەژێر کاریگەری جوگرافی و هەڵکەوتنی شوێنەکان و بوونی کەرەسەی خاو و کەلتور و توانا و بازاڕ و خواستی جیا، هەندێ پیشە لە شوێنێک باوبووە و پێی ناسراوە, لەوانەشە لە شوێنێکی تر بەو شێوەیە نەبێت یان لاوازبێت، بەتایبەتی ئەو پیشانەی بەرهەمی کاڵایان هەیە، دیارە ئەوانەش پشت بەکەرستە خاوەکان دەبەستن، ئەو کەرستە خاوانەش لەهەموو شوێنێک نین، بۆیە ئەو شوێنەی ئەو کەرەسە خاوەی تێدا زۆر بووە زەمینەی ئەو جۆرە پیشەی تێدا لەبارتربووە، جگە لەمەش هەندێ پیشە زیاتر باوترو و ڕۆڵیان زیاتر و خواستیان لەسەر زۆرتربووە، تەنانەت لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تریش گۆڕانکاری لەخواست و خستنەڕوو هەبووە, بۆیە پیشەکان زۆرن و ناتوانرێ یەک بە یەک باس بکرێن، بەڵام وەک نمونەیەکی گشتگیر بۆ هەموو

پیشــه میللــی و دەســتی و هونەرییــەکانی پەیوەنــدار بەزۆربــەی ناوچەکان، هەندێ لەو پیشە و پیشەسازییانە دەخەینەڕوو.

تێبینی دەکرێت کەوا پیشەگەری و سنفەکانیان لەشارەکان زیاتر بــن، بەڵام گونــدەکانیش بەدەرنــین لە بــوونی چەنــدین جــۆری پیشــەگەری، لەدیدی توێژەرێکیش بوونی پیشــەگەر لەپاڵ جوتیار لەگونـددا کەزۆریـنەی دانیشـتوانی خەریکـی کشـتوکاڵن، هەنگـاوە بەراییەکــانی کــرداری جیــابوونەوەی پیشــەگەری لە کشــتوکاڵ و پەیـدابوونی تایبەتمەنـدی و پسـپۆری لەکـار نیشـان دەدات، ئەمەش کردارێکـی ئاسـاییە کە لە مـاوەی لاوازبـوون و لێکهەڵوەشـانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا ڕوودەدات (هەروتی، ٢٠١٣، ١٩٥).

هەندێ شار جیادەکرێنەوە بە پیشـەگەری زۆر و سنفی زۆر و جۆراوجـۆر، جـا گشـتی بێـت یـان تـایبەت، گشـتییەکان کەم و زۆر لەهەر شـارێک هەبوون بەپێی پێویستی خەڵک بە خزمەتگوزاری و بەرهەمەکانیـان، هەرچی تـایبەتە ئەوا هەنـدێ شـار زیـاتر بەجۆرێـک یـان چەنـد جـۆرێکی ناوبانگیـان دەرکـردووە, هەروەک پیشــەکـانی پەیوەست ڕستن و چنین یـەکێک بـوو لـە پیشـە باوەکـان کـە لـەزۆر شــوێنی دەوڵەتــی عوســمانی هــەبووە، بــەهۆی بــوونی کەرەســە خاوەکانی کە لە ئاژەڵ دەست دەکەون، شـاری بۆرسـە یـەکێک بـوو لەو شارانەی بە چنین بەناوبانگ بوو (صباغ، ١٩٩٩: ٢٩٨).

پیشەی چنینەکانی دەستی کە بریتین لە چنینی خوری و لۆکە و ئاوریشــم تــاکو ســەدەی نـۆزدەم پێشــکەوتنی گەورەی بەخـۆیەوە بینیوە، لەنێویاندا دروست کردنی مافور و ڕایەخ و لباد و  بەڕە لای

موسڵمانان بایەخی زیاد کرد بە تایبەتی کە زەوی ڕەگەزی سەرەکی دانیشتنە، ئەمەش پێویستی بە ڕاخستن هەیە، هەروەها پێویستی نوێژخوێنەکانیش بایەخەکەی زیاتر کردبوو (شیبوب، ١٩٦٤: ٨٢)، نەک تەنها لای موسڵمانەکان بەڵکو ئەرمەن و جولەکە و مەسیحی و گەلانی تریش بایەخی زۆریان بەو بوارە داوە و دەستی باڵایان تێدا هەبووە. ئەو ڕایەخانە گەشەیان پێدرا و نەخش و نیگاری جوان و سەرنجراکێشیان لەسەر دروست دەکرا، جگە لەوەش پیشەی جۆلایی و تەونکاری لە گوندەکان باوبووە بۆ دابینکردنی جل و بەرگ و پۆشاک، بۆ ئەمەش سوود لە فەرووی بزن وەردەگیرا، ئەمەو چەندین پیشەی دەستی تری وەک کاری دەرزی و درووم‌انی و کاری پێستە خۆشکردن و ... هتد.

هەندێ جۆری پیشەی چنین تایبەتمەندی خۆیان هەیە و زیاتر شوێنێک پێی دەناسرێتەوە و دەستی باڵای تێدا هەبووە، بۆ وێنە بەرهەمەمی خوری و دروستکراوەکانی ناوچەی بلۆڤدیڤ لە بولگاریا ناوبانگی دەرکردبوو, هەروەها دروستکردنی کوتاڵی (موهیر) کە ناوبانگی جیهانی هەبوو تەنها تایبەتمەندی ئەنقەرە بوو هەر لە کۆنەوە، هیچ شوێنی تر وەک ئەوێ نەیدەتوانی بەرهەمی بێنێ، چونکە بەخێوکردنی ئەو جۆرە بزنەی ئەو فەرووەی هەبووە لە شوێنەکانی دیکە سەرکەوتوو نەدەبوو (فاوقي و اخرون، ٢٠٠٧، ١٠٤_١٠٥)، هەروەها لەپاڵ ڕستن و چنیندا پیشەی ڕەنگکردنی کوتاڵ کە لەلایەن خمچییەکان ئەنجام دەدرا، لەزۆربەی ئەو مەڵبەندانە هەبووە کە چنینی لێ بووە، خمچییەکانیش جۆرێک لە ڕێکەوتنیان هەبووە لەسەر ڕەنگکردنی ئەو جۆرە کاڵایانەی تایبەتن بەهەر یەکەیان (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩، ٧٤٢).

پیشـەی دەبـاغی یەکێکە لەو پیشـانەی کەزۆر گەشـەی کـردووە، هەنـدێ شـوێن بلیمەتییـان تێدا نوانـدووە لەوانە شـاری تۆقـات[١٧] کە باشترین جۆری پێستی لوس و بریقەداری بەرهەم دەهێنا و بەشێک لەو پێستە لەلایەن پینەدۆز پێڵاوی لێ دروست دەکرا و بەشێکیش سـەراجەکان کورتانیـان لـێ دروسـتدەکرد. هەروەهـا پەیوەسـت بە دەبـاغی پیشـەی پـێڵاو دروسـتکردن پیشـەیەکی گرنـگ بـووە لە ئەستانبۆل و بەرهەمێکی زۆری هەبووە و هەناردەی دەرەوە کراوە و پیشەگەرێکی یەکجار زۆر کاریان تێدا کردووە، بە ئەندازەیەک لە شەستەکانی سـەدەی نۆزدەم کە ئەو پیشـە توشـی قەیران و بەرەو لەنـاوچوون دەچوو، کەچی هێشـتا هەزار ئافرەت و ژمـارەیەکی بێ سـنوور لە پیـاوان لەو پیشـەیە کاریـان دەکـرد (فـاروقي و اخـرون، ٢٠٠٧، ٧١٠).

ژمـارەیەکی زۆری خەڵکیش لە پیشـە وابەسـتەکانی کانەکـان و خـاوی کانزاکـان کاریـان دەکـرد لە نـاوچە جیاوازەکـانی دەوڵەت، بەتـایبەتی سـڕبیا و مەکدۆنیای ڕۆژهەڵات بە کـانزای زێڕ و زیـو و قورقوشـم دەوڵەمەنـد بـوون و دەرفەتـی گەورەی بـۆ پیشـیگەری ڕەخساندبوو (مـانتران، ١٩٩٣: ١٨٠) هەروەهـا پیشـەی زێڕینگری و زیو کە خاوەن پیشەکانی لە دۆخێکی باشتردابوون بەبەراورد لەگەڵ پیشـەگەرانی تـر لە زۆر نـاوچەی وڵات بڵاوبـوون و بە تەنهـا لە ئەسـتانبۆل سـاڵی ١٨٢٥ ژمارەیـان نـزیکەی ١٥٠٠ پیشـەگەری ئەو بـوارە دەبـوون (فـاروقي و اخـرون، ٢٠٠٧: ٦٧٠)، هەروەهـا سـفر کە قەزانچییەکان قاپ و قاچاغییان لێ دروست دەکرد و بەهرەمەندی زۆر هەبوون لەسەرانسەری وڵات، تەنانەت جۆرێکی تری پێشـەگەر وابەسـتەی ئەوکـانزایە بـوون دوای دروسـتکرانیان ئەوانـیش

سەفارەکان بوون کەوا کاڵای دروستکراوی مس و سفریان سپی دەکردەوە، جگە لە پیشەی مسگەری و دروستکردنی خەڵوز کە لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات بەربڵاو بوون (فاروقي و اخرون، ٢٠٠٧: ١٠٨).

شیاوی گوتنە تەنها شارە گەورە و گرنگەکان دەستیان نەبووە لە پیشەگەریدا، بەڵکو شارە کەمتر گرنگەکانیش محەلی تایبەت بە پیشەگەریان هەبووە، بۆ نموونە شوێنێکی وەک تریکالا[١٨] شوێنی تایبەت هەبوون بە جۆرەکانی پیشەی چنین و دەباغی و پێڵاودووری و کورتاندووری و قەسابی و گڵێنەسازی و بەیتاری و سابوونچێتی (مانتران، ١٩٩٣: ١٨٢).

**پیشەگەری لە ناوچە عەرەبییەکان:**

بەشێک لە ناوچە عەرەبییەکان بە چەند جۆرێک لە پیشەگەری ناسرابوون لەسەردەمی عوسمانی بەتایبەتی قاهیرە کە چەندین بازاڕ و شوێنی تایبەتی پێشەگەری هەبوو، ڕستن و چنین و کوتاڵ لەسەرووی هەموویان و مسگەریش پیشەیەکی باوبووە، لە لوبنان دەیان پیشەی ڕێکخراو و بچوک هەبوون، تەنانەت لە بەیروت پیشەگەران چەندین بازاڕی تایبەتیان هەبووە، وەک بازاڕی بازرگان کە خاوەن پیشە پەیوەندارەکانی کوتاڵ و بەرگدووری تێدابوون و بازاڕی ئاسنگەران و دارتاشان و عەتاری و قەزازی و بەیتاری و پێڵاودروو (حلاق، ١٩٨٧: ٢٣_٢٤).

دیمەشق و موسڵ لە پیشەی چنین و خزمەتگوزاری بەرهەمی کاڵا تایبەتمەندی خۆیان هەبووە، لەگرنگترین پیشەکانیشیان دەباغی

(پێســـته خۆشـــكردن) و كورتانـــدروو و قەزازی و ڕۆنچێتـــی و زەیتچێتی و بۆیەسازی...هتد، هەر ئەوەش وایكردووە كە تا ئێستاش ژمارەیەكی زۆر بنەماڵە و خێزان هەڵگری نازناوی ئەو پیشانە بن (الجمیل، ١٩٩٧، أ: ٨٩)، و لە بەرهەمەكانی پیشەی ڕستن و چنین ئاوریشم پێشەنگیان بوو كە لە كرمی ئاوریشمی دروست دەكرا و لەو كاتە خواستێكی زۆری لەسەر بوو، هەروەها بڕبڕەی پشتی پیشە میللییەكان بوو، بە تایبەتی گوندنشینەكان (شیبوب، ١٩٦٤: ٧٧)، لە بازرگانیشدا ڕۆڵێكی باڵای هەبووە، بەرهەمەكەشی بەتایبەتی جۆری (ئالاجا) لە بازاڕەكانی ئەوروپا بەربەرەكانێی بەرهەمی ئیسپانی و ڤێنسی دەكرد (صباغ، ١٩٩٩: ٧٧). لەو پیشانەی شام پێی ناسرابوو توانیویەتی تا ئاستێكی باش پارێزگاری لەمانەوەی خۆیان بكەن تەنانەت لەكاتی ئەوپەڕی لاوازیشدا، بەتایبەتی پیشەكانی عەتـــاری و ئاڵتونچێتی(دروســـتكەری داوی زێـــڕ) و ئالاچی(دروستكەری كوتاڵ) و دارتاشی، گلێنەسازی و گۆزەكاری و كاغەزكاری و جۆلایی و تەونكاری (آلتونجي، ٢٠٠٤، ٨٧).

لە ناوچە عەرەبییەكانی تری وەك حیجاز و یەمەن و كەنداوی عەرەبی و نیمچە دوورگەی عەرەبی بەگشتی، بەشێكی بەرچاوی خەڵك خەریكی چالاكی پیشەگەری بوون لە بوارەكانی دەباغی و ڕستن و دروستكردنی شمشێر و كەل و پەلی ناوماڵ، جگە لە پیشەیەكی باوی وەك ڕاوكردنی ئاوی و وشكانی و ڕاوی لوءلوء لە كەنداو (محمد، ٢٠١٢: ٢٣٨_٢٣٩).

**پیشەگەری لە ناوچە کوردییەکان:**

ناوچە کوردییەکانیش هاوشێوەی ناوچەکانی تری عوسمانی جۆرەها پیشەی دەستی تێدابووە، هەرچەندە توێژەرێکی بیانی پێی وایە کورد پیشەسازی دەستی وەک پیشەیەکی سەرەکی وەرنەگرتووە، بەڵکو لە کاتەکانی بەتاڵی و بێکاریدا و دوای تەواوبوونی کارە سەرەکییەکەیان کە لە کێڵگەبووە هەندێ پێداویستی دروستکردووە بۆ کاری کشتوکاڵ و کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆی (الدوسكي، ٢٠٠٢، ٤٧ )، بەڵام زانیارییەکان ئاماژەیەکی ترمان پێ دەدەن، ئەوەتا لە تۆماری زانیارییەکانی بەڵگەنامەیەکی فەرمی عوسمانی ساڵی ١٥٤٢ ناوی گەڕەکی سەراجەکان لە هەولێر تۆمارکراوە، ئەوەش گرنگی پیشەی کورتاندروو و زۆری ژمارەی ئەو پیشەگەرانەمان لە هەولێر بۆ دەردەخات، بۆیە گەڕەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، جگە لەوە هەر لەو بەڵگەنامەیە بوونی هەندێ لەو پیشانە لە دەرەوەی هەولێر و دەوروبەری ڕوون دەکاتەوە، بەتایبەتیش ناوی بۆیەخانە و دەباغخانەی تۆمارکردووە (مراد، ٢٠١٥، ١٣٣ و ١٣٩_١٤٠).

بەڵگەی زۆر هەن کە دەیسەلمێنن ناوچە کوردییەکان لە هەندێک لە پیشەکان ناوبانگیان دەرکردووە و سەرچاوەی ژیانی خەڵکێکی زۆربووە و پیشەگەری تایبەتمەندیان تێدا هەڵکەوتووە و تەنها کاریان پیشەکەیان بووە و بەهرە و کاڵاکانیان بوونەتە جێی سەرنجی گەڕیدەکان، هەروەک ئەولیا چەلەبی لە ساڵی ١٦٥٥ باسی پیشەی ئاسنگەری دەکات لە بەدلیس، لەبارەی خەنجەر کە لەلایەن ئاسنگەرێکی بەدلیسی دروست دەکرێت دەڵێ وێنەی نییە لەهیچ

شـارێکی تـر، و بەهەمـان شـێوە باسـی بەرگدروو دەکـات، هەروەهـا لەبارەی دەباغەکانەوە دەدوێت و دەڵێ جۆرەها پێستی ڕەنگ جیاواز و نەرم و بـریقەدار بەرهەمـدێنن و دروسـتکراوەکانیان کەم وێنەن و گەشـــتیار و ڕێبوارەکـــان دەیکـــڕن تـــا وەک دیـــاری بیـــدەن بە خاوەنەکانیـان لە شـارەکانی دیـکە (چلبـي، ٢٠١٤، ١٥٦_١٥٧)، هەر لەبارەی پیشەی ئاسنگەری گەڕیدەیەکی تر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تەنهـا لە شـارە گەورەکـان نـین و پیشـەیەکی بـڵاوە نەک تەنهـا کوردەکـان و موسـڵمانەکان ئەوکارەیـان کـردووە بەڵکـو ئاسـنگەری مەسیحی هەبوونە، کاتێک باسـی چوونی بۆ ئاڤاشین و مـانەوەی لە مـاڵی ئاسـنگەرێکی مەسـیحی دەکـات کە بـرای قەشـە بـووە (بێنـدەر، ٢٠٠٦، ٢٤٦)، جـگە لە دروسـتکردنی خەنـجەر ئاسـنگەرەکان نـاڵی ئەسـپ و چەقۆ و شمشـێر و چەنـد ئـامێرێکی تریشـیان لـێ دروسـت کردوون.

گەڕیدەیەک لە ساڵی ١٨٣٨ باس لە زۆری بەرهەمهێنانی کوتاڵی لۆکەیی ئەستوور دەکات لە بەدلیس و بەسەرسامییەوە باسی کوتاڵی چیت دەکات کە هەرچەندە ڕستن هەمووی دەستکرد و بەشێوازە باو و کلاسـیکییەکە ئەنجـام دراوە، بەڵام نـرخەکەی هەرزان بـووە و گومـانی هەبـووە کـارگە ئینگلیزییەکـان بتـوانن ڕکـابەری ئەو کـاڵا خۆمـاڵییە بـکەن، هەروەهـا لەبـارەی ناوبـانگی ڕەنگکردنـی کوتـاڵ دەدوێت لەو شارە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم ناوچە بەناوبانگە بە ڕەنگی ڕۆشن و بریقەدار بۆ ئەو کوتاڵانەی ڕەنگی دەکەن، تەنانەت کوتـاڵی ئەوروپـیش لەوێ ڕەنگکـراوە، ئەگەرچـی کوتـاڵی خۆمـاڵی شـــادەماری ئەو کوتـــاڵانەبووە کە بـــراونەتە بۆیەخانەکـــان لای خمچییەکـان، و دەڵـێ کوتـاڵی بـۆیەکراوی بەدلـیس بـۆ شـوێنە

دوورەکانی وڵات هەناردەکراوە، جگە لە هەناردەکردنی بۆ جۆرجیا (برانت، ٢٠١٤، ٨٣_٨٤).

لەبــواری ڕســتن و چنینــدا ئــامەدیش پێگەیەکــی گرنگــی بەرهەمهێنــانی ئاوریشــم بــووە، کە شــێوەکەی لە حەلەب هەبــووە (نیکیتــین، ٢٠٠٤، ٨٧)، مێجەرســۆنیش ئامــاژە بە هەنــدێ شــوێنی پیشەگەری دەکات لە سلێمانی، بە تایبەتیش پێڵاودروو (سۆل دروو) و کورتانـدروو و چەخماخخـانە (شـوێنی دروسـتکردنی خەنـجەر و تفەنگ) (سـون، ١٩٧٠، ٢٤١). هەروەهـا پەڕەچـیش پیشـەیەکی گرنگ بـووە کە لە لـۆکە و خـوری لـێفە و سـەرین و دۆشـەکی دروسـت دەکرد، جگە لە پیشـەی لباد دروسـتکردن کە لە زۆربەی ناوچەکـان هەبووە.

ساڵنامەکانی عوسمانیش بوونی چەندین پیشـەیان لە کوردستان تۆمارکردوون، وەک لە کۆتاییەکانی سـەدەی هەژدەم و سـەرەتاکانی ســەدەی نـۆزدەم لە نـاوچەی بادینـان باسـی یەکێـک لە گرنگتـرین پیشـەکان دەکات کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەویش دروسـتکردنی شــاڵ بــووە لە جــۆرە هەرەباشــەکەی، کە پێویســتی نــاوچەکەی پڕکـــردۆتەوەو هەنـــاردەی دەوروبەریـــش کـــراوە، هەروەهـــا دروسـتکردنی قـاپ و قاپـاغ و خەڵـوزی دار و بەرهەمەکـانی تـری کانزاییشـی تۆمـارکردوون (مـراد و البوتـاني، ٢٠١٣، ٢٩_٣٠ و ٤٣ و ٥٥).

هەر بەپێــی تۆمــاری ســاڵنامەکانی عوســمانی لەو مــاوەیەدا کەرکـوک چەنـدین جـۆری پیشــەگەری تێـدابووە، لەوانە دەبـاغی و

پیـــنەدۆزی و کورتانـــدووری و دارتاشـــی و ڕســـتن و چنـــین و ئاســـنگەری و بەرگـــدووری و چەخماخســـازی و سفرســـازی و سەعاتسازی و جۆلایی و تەلارسازی جگە لە دروستکردنی مەی و خواردنەوەکان (شوانی، ٢٠٠٩، ١٧٤_١٧٥)[١٩].

ئەولیا چەلەبی باسی بوونی ئەندازیار و بیناسازی بەناوبانگ دەکات لە شاری وان، بەجۆرێک هاوتایان نەبووە بەوتەی ناوبراو، کاتێ باسی سەلیقە و لێهاتوویی بەرگدرووش دەکات لەو شارە دەڵێ بەرگـدرووی نـاوداری وا هەن نـاتوانرێ خەتـی دروومانەکانیـان لە خەتـی قومـاش جیـا بکـرێتەوە، هەروەهـا دەڵـێ لەو شـارە دوکـانی سەرتاشـی لـێ هەن کە ڕێـک و خـاوێن، هەروەهـا کورتانـدرووی بلیمەتی لێ هەن (چلبي، ٢٠١٤: ٢٤٦) .

شیاوی باسە جگە لە پیشە بەرهـەمهێنەکان چـەندین پیشـەی تر هەبوون لە زۆربەی ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە گرینگی تایبە تی خۆیـان هەبـووە و پێویسـت بـوون لـە ژیـانی ڕۆژانـەدا، لـەوانـەش پیشەی دارتاشی کە یەکێک بوو لـە پیشـە گرنگـەکان، بەتایبـەتی کـە خانووەکان زۆربەیان لـە دار دروسـت دەکران، بـە شـێوەیـەک شبلی نەعمانی وەسفی ئەستانبۆل دەکات کە خانووەکانی سێ چوار نهۆمی لــە دار دروســتکراوبوون، هــەتــا خــانووی پاشــا و ســەردار و گــە ورەکانیش، ئەگەرچی زۆریش توشی سووتان دەبوون بەڵام دەستبە رداری ئـەو جـۆرە خانوانـە نـەدەبـوون چونکـە پێیـان وابـووە کـە خانووی بەرد کێشەیان بۆ دروست دەکات لە سەرمای زستان و لە ڕووی تەندروستیشـــەوە زیانیـــان پێـــدەگـــەیەنـــێ (النعمـــانی، ٢٠٠٣: ٥٤_٥٥).

پیشەی سەرتاشی و دەلاکی یەکێک لە پیشە زۆر بڵاوەکان بووە لە دەوڵەتی عوسمانی و سەرچاوەی بژێوی ئەو خاوەن پیشانە بووە، نەک هەر دانیشتوان سوودیان لە خزمەتگوزارییەکانی وەرگرتووە، بەڵکو بیانییەکان لە بازرگان و گەڕیدە و نێردراوەکان کە لەشارەکانی عوسمانی گەڕاون و ماونەتەوە ڕێیان کەوتۆتە سەرتاشخانەکان، تەنانەت لە گەرماوەکانیش دەلاک و سەرتاشەکان خزمەتگوزارییان پێشکەش کردووە (المقدسي، ٢٠١٥: ٤٩ و٨٠).

پیشەیەکی تری زۆر باو حەمامچێتی بووە کە لە زۆربەی شارەکانی عوسمانی بوونیان هەبووە و گەرماوەکانیان بوونەتە جێی سەرنجی گەڕیدەکان، بەتایبەتی لەپایتەخت و شارە گەورەکان، بە وتەی گەڕیدەیەک لە بەغدا نزیکەی ٥٠٠ گەرماوی تایبەت بە کۆشک وماڵی کاربەدەستان و چەندینی گشتیش هەبوون، لە نێویشیاندا هەندێکیان تایبەت بوون بە پیشەگەران، ئەگەر بە پێی ناوەکانیان بێت وەک گەرماوی خەفافەکان و گەرماوی دەباغەکان (العجلي، ٢٠١٣: ٣١٢)، نموونەی گەرماوەکانی بەغدا یەکێکن لەوانەی کەوا خۆشی و جوانی سەرنجی گەڕیدەیەکی ڕاکێشاوە لە ١٨١٧ تاکو زۆر زوو ڕووی تێ بکات (هیود، ٢٠١١: ١٦٤), هەروەها گەڕیدەیەکی تر کە لەساڵی ١٨٤١ سەردانی گەرماوەکانی بەیروت و کۆتاهیە و ئەستانبۆلی کردووە و وێنەیەکی جوانی گەرماوەکانمان نیشاندەدات لە گەورەیی و خاوێنی و خزمەتگوزارییەکانی (المقدسي، ٢٠١٥: ٤٨ و٧٦ و٩٤).

پیشەی کۆڵبەری(حەماڵی) ئەگەرچی کارێکی قورسە بەڵام پێویستییەکی ژیان بوو، ئەوانە لە هەموو شارەکان هەبوون، ئەستە

مبۆل یەکێک بوو لەو شارانەی کە ژمارەیەکی زۆر کۆڵهەڵگری لێ بوو لەهەموو نەتەوەکان، چونکە هەم پایتەخت و هەم بنکەی بازرگانیش بوو کاریشی تێدا زۆر بووە، بەتایبەتی کە ئامێری تایبەت نەبوو ئەو کارە لە جیاتی مرۆڤ ئەنجام بدات، ئەو کارە پێویستی بەهێز و ژمارەیەکی زۆر هەبوو، تەنانەت ژمارەیەکی زۆر کۆڵهە ڵگری کوردی لە ئەستانبۆل هەبوون کە ئەو مرۆڤانە هێزێکی دینامیکییان پێکدەهێنا (ئەلاکۆم، ٢٠٠٥: ١٦٧)، زۆری ژمارەی کۆڵبەره کان بە شێوەیەک بووە گەڕیدەیەک دەڵێ: کاتێ پاپۆڕەکەمان گەیشتە لێوارەکانی ئەستانبۆل زۆری ژمارەی حەماڵەکان لەو لێوارە هۆشی بردم و گەمارۆی پاپۆڕەکەیان دا (النعمانی، ٢٠٠٣: ٤٢_٤٣)، ئەو کۆڵبەرانە تەنها باری بێگیان و کەل و پەلیان نەدەگواستەوە، بەڵکو نەخۆش و بەساڵاچوو و منداڵ و ناتەواوەکانیشیان بە کۆمەڵ دە گواستەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر (ئەلاکۆم، ٢٠٠٥: ١٧٢), ئەو کۆڵبەرانە بەتایبەتی کوردەکان لە ژیانێکی سەختدا بوون هەروەک لە شیعرێکی پیرەمێردی شاعیری کورد کە ئەو کات لە ئەستانبۆل ژیاوە ڕەنگدەداتەوە کە لە ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەقی[٢٠] بڵاوی کردۆتەوە: (ئەلاکۆم، ٢٠٠٥: ١٦٨)

باوەش بەیەکدا گرتن

شەوێکی تاریک تاریکی، ئێجگار تاریکی میللەت بوو

هێشتا کوردەکان، ئەو حەماڵە بەستەزمانە بە نەزانی و ماندووانە

ئەو بەژن و باڵا مەردانەی بەباری گران ئازاریان چەشتبوو

سینەی بەرزی جێی شانازی، شان بە دەستکورتی نەوی[٢١]

یەک لە پیشە دیارەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی کاری ئاوگێڕی بووە، کە بەهۆی نەبوونی پڕۆژەی ئاو و دووری سەرچاوەی ئاو لە هەندێ، ناوچە خەڵکی تایبەت هەبوون ئاویان لە پێستی دروستکراوی تایبەت دەهێنا بۆ ماڵەکان. هەروەها ئاشەوانیش پیشەیەکی پێویست بووە بۆ دروستکرنی دانەوێڵەی جیاواز و ئارد، ئەویش لەڕێگەی ئاشی ئاوی دەبوو، کە لە زۆر ناوچە بڵاو بوو.

**ڕۆڵی ڕەگەز و پێکهاتە جیاوازەکان لە پێشەگەریدا:**

چالاکی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا تەنها تایبەت نەبوو بە ڕەگەزێک یان نەتەوە و ئاینزایەکی دیاریکراو، هەرچەندە هەر ڕەگەز و نەتەوە و ئاینزایەک لە هەندێ لەو پیشانە دەستی باڵاتریان هەبووە، هەروەک بەشی زۆری پیشەکان بەهۆی سروشتییانەوە لەلایەن پیاوەکانەوە دەکران، بەڵام ئافرەتانیش جێ پەنجەیان دیارە و کۆڵەگەی هەندێ لەو پیشانە بوون بەتایبەتی پیشەکانی ماڵەوە و ڕستن و چنینەکان ڕۆڵی ئافرەتی زیاتر تێدا بەرجەستە بووە، ئەوەتا ئافرەت لە بۆرسە لە ساڵی ١٦٧٨ز ژمارەیەکی زۆری پیشەگەریان پێکدەهێنا و خاوەندارییەتی و سەرپەرشتی نیوەی محەللەکانی ڕستن و چنینیان کردووە، هەرچەندە لەنێو ئەندامی سنفەکانی پیسەگەران نەبوون، و هەندێکیان لەماڵەوە کاریان دەکرد و بە خۆیان بەرهەمەکانیان لەبازار دەفرۆشت (فاروقي، ٢٠٠٧: ٢٧٩).

جولەکەکانیش لە دەوڵەتی عوسمانی بڵاو بوون و ناسراو بوون بە چەند جۆرێکی پیشەگەری و بەشداری کارایان هەبووە لە

پەرەپێدانی ئەو بوارە، بۆ وێنە لە بەغدا  بە وتەی گەڕیدەیەکی جولەکە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەم سێ هەزار خێزانی جولەکە هەبووە و بەشێکیان خەریکی پیشەگەری بوون (غنیمة، ٢٠٠٩: ١٩٣), تەنانەت بە وتەی فرایزەر کە لە ساڵی ١٨٣٤ هاتۆتە بەغدا ژنە جولەکەکان بەخۆیان کاڵا دروستکراوەکانی وەک کوتاڵ و خشڵ ساغ کردۆتەوە و بگرە لە ماڵان گەڕاون بۆ فرۆشتنیان (فریزر، ٢٠١٤: ١٤٤). هەروەها جولەکەکان لە پیشەی پزیشکی میللی و دەرمانسازیدا دەستی باڵایان هەبووە، جگە لە پیشەی خمچییەتی و جۆڵایی (عمر، ٢١٥: ٣٣١).

لە قودسیش ژمارەیەکی زۆر لە جولەکە و مەسیحی جێ پەنجەیان دیارە لە پیشەگەریدا و لە سنفەکانیش ئەندام بوونە لە سەرەتاکاندا پاڵ موسڵمانان و دواتریش سنفی تایبەتیان هەبووە، لە گرنگترین پیشەکانیشان پێڵاودووری و ئاسنگەری و بەرگدووری بووە.

لە ڕاوچییەتیدا بەتایبەتی ڕاوی ماسی لە ئاوەکانی دەوڵەتی عوسمانی پیشەیەکی گرنگ بووە و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی پێوەی خەریک بوون لە هەموو پێکهاتەیەک، بۆ نموونە لە نێو ماسیگرانی بەندەرەکانی ئەستانبۆل زۆرێک لە ڕاوچی بە ڕەگەز یۆنانی هەبوونە و لەسەردەمی محەمەد فاتح و دواتریش لە هەموو باجێک بەخشراون، لەبەرامبەردا هەموو ماسیگرە بەخشراوەکان لە باج دەبوو ڕاوی دۆلفین بکەن، کە وەک دەرمان بەکاردەهات لەلایەن سوڵتانەکان (لویس، ١٩٨٢: ١٥٧).

ویڕای ئەو پیشانە، چەندین پیشەی دیکە هەبوون لە دەوڵەتی عوسمانی

**قەیران و داڕمانی پیشەگەری و هۆکارەکانی**

تاکو سەدەی نۆزدەم پیشەگەران و ڕێکخستنەکانیان کۆڵەکەی ئابووری وڵات و بەرهەمە ناوخۆیەکانییان پێکدەهێنا و زۆربەی پێداویستییەکانی ناوخۆشی دابین دەکرد، هەرچەندە کەرەستەکانی بەرهەمهێنان سادەبوون بەڵام لەهەمان کاتدا لەگەڵ خواستی نێوخۆیی دەگونجا و زۆرجار بەرهەمەکانیان هەناردەی دەرەوەش کراوە.

لەسەدەی نۆزدەم بەتایبەتیش لە نیوەی دووەمیدا پیشە بەرهەمهێنەکان و هەندێ جۆری دیکەی بەرەو پوکانەوە چوون، کە ئەوەش پەیوەست بوو بە هۆکاری سیاسی و ئابووری و دانیشتووانەوە، وەک پەیوەندی ئابووری زۆر لەگەڵ ڕۆژئاوا, پێشکەوتنی هۆکارەکانی گواستنەوە و پەیوەندی, بوژانەوەی خزمەتگوزاریە بازرگانی و داراییەکان, دەرکەوتنی چینی ڕۆشنبیر و ئەفسەر وەک سەرکردە لە بزوتنەوەکانی چاکسازی و زۆربوونی دانیشتوان، هەموو ئەوانە بوارێکی ئەوتۆیان بۆ پیشەگەران نەهێشتەوە ڕۆڵی پێشوویان ببینن، بەڵکو ئەو ڕۆڵە سپێردرایە ئیمتیازاتە بیانییەکان، ئیتر بوژانەوەی شارەکانی عوسمانی وەستا کە پیشەگەران کۆڵەگەی گەشەسەندنی پێشوویان بوون، و گرفتە ئابووری و سیاسییە کەڵەکەبووەکانی دەوڵەت بوونە هۆی داڕمانی قاعیدەی پشەسازی پێویست بۆ گەشەی شاری نوێ. گرنگترین

هۆکارەکانی دارمانی پێشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانی لەمانەی خوارەوە پوخت دەکەینەوە:

**١. هاتنی کاڵای ئەوروپی:**

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و پیشەسازی لە ئەوروپا, کاریگەری زۆری هەبوو بۆ سەر بەرهەمی پیشە دەستییەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا، بەتایبەتی لە دوای ڕێکەوتنی بازرگانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەوڕوپپیەکان و بەخشینی ئیمتیازاتی بازرگانی بیانی لەسەدەی نۆزدەم, لە سەروشیانەوە ڕێکەوتنی بازرگانی ئەنگلۆ_عوسمانی لەساڵی ١٨٣٨ سیاسەتی پاراستنی پیشەسازی ناوخۆی وەستاند و دەرفەتی ڕەخساند بۆ بیانییەکان ڕاستەوخۆ بخزێنە نێو بازرگانی ناوخۆ (أحمد، ٢٠٠٠، ٦٨_٦٩).

ڕژێمی ئیمتیازات بازاڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی والاکرد لەبەردە م کاڵای بیانی هەرزان و پێشکەوتوو کە بەلێشاو دەگەیشتنە بازاڕە کانی ناوچەکە (الجمیل، ١٩٩٧، أ: ٩١)، تاکو وای لێهات ڕۆژئاواییەکان لە شارە گرنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی بازاڕی ڕۆژئاواییان دامە زراند، بۆ نمونە لە حەلەب و شارەکانی شام (آلتونجي، ٢٠٠٤: ٨٩), بەمەش بەرهەمی پیشەگەران و کالا ناوخۆییەکان گورزێکی کاریگەریان بەرکەوت و بووە هۆی دارمانی پیشەسازی دەستکردی ناوخۆ، و گوزرێکی گەورەشی دا لە بازرگانی ناوخۆ (بطاطو، ب.س، ٢٧٣)، چونکە بەرهەمە ناوخۆییەکان بەربەرەکانێی بەرهەمە ڕۆژئاواییەکانی پێ نەکرا.

هاتنی کاڵای ئەوروپی بۆ ناوچەکە، ئەگەر چی بازاڕەکانی بوژاندەوەو ئاشنابوون بە دروستکراوی نوێ و پێشکەوتوو، بەڵام لە هەمان کاتدا کاریگەری خراپی هەبوو بۆ سەر بەرهەمە دەستکردە کانی ناوخۆ، بەتایبەتی کە پیشەگەرە ناخۆییەکان لەسەر پیشە کۆنە کان دەڕۆیشتن (حنا بطاطو، ب.ت: ٤١)، بۆیە بەرهەمە دەستکردەکان نەیانتوانی بەربەرەکانێی بەرهەمە زۆر و هەرزانەکەی ئەوڕوپا بکەن و ئەمەش ڕێگری کرد لە گەشەکردنی پیشەسازی ناوخۆیی (فنادولینا، ١٩٩٩: ٩٦)، بگرە کاڵای بیانی زیاتر بوو لە بازاڕەکان و جێی کاڵای ناوخۆیی و بەرهەمی پیشەگەرانی گرتەوە و کاڵاکانیان گەیشتنە زۆربەی شار و ناوچەکانی وڵات، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی پیشەگەران و داخستنی زۆربەی وەرشەکان، هەروەکو لەشوێنێکی وەک بۆرسە کە دەستێکی باڵای هەبوو لە بەرهەمەکانی خوری، لەساڵی ١٨٤٣ز نزیکەی بیست هەزار پارچە کوتاڵی لۆکەیی و ئاوریشمی بەرهەمهێناوە، کەچی دوای بیست ساڵ لە سێ هەزار پارچە زیاتری بەرهەم نەهێناوە (دۆمۆن، ٢٠٠٨: ٨٨)، هەروەها لەبەغداش لە کۆی نزیکەی دوازدە هەزار ئامێری تەون و جۆلا، دوای زیادبوونی خواست لەسەر کاڵای هەرزانی ئەوروپی ژمارەیان دابەزی بۆ تەنها نزیکەی هەزار ئامێر (باشا، ٢٠٠٨: ١٣٠).

هەرچەندە لەسەرەتادا بەرهەمە ناوخۆییەکان تارادەیەک توانیان بەربەرەکانێی کاڵای بیانی بکەن، چونکە گومرگ و خەرجی زۆری گواستنەوەی، نرخی کاڵای ئەوروپی بەرزدەکردەوە، بەمەش ڕەواجی لەسەر کەمتر دەبوو، لەکاتێکدا بەرهەمە ناوخۆییەکان تێچوونیان کەمتر بوو(السامرائی، ٢٠٠١: ١٢٧)، بەڵام دواتر بەهۆی ئیمتیازەوە گومرگی سەر بازرگانی ئەوروپی کەم کرایەوە و پاشانیش

کرانەوەی کەناڵی سویس لە ساڵی ١٨٦٩ کارئاسانی زیاتری بۆ هاتنی بەلێشاوی کاڵای بیانی بۆ ناوچەکە کرد و ئیتر نرخی کاڵای بیانی دابەزی و کڕیاری زیاد بوو(الحمداني، ١٩٨٩: ١٧٢)، بۆ نموونە ئەو کوتاڵە بەناوبانگەی موسڵ هەیبوو لەبەرئەوەی نرخی گرانتر بوو لەو کوتاڵە بیانییەی کە هاتبووە ناوچەکە ڕەواجی نەمابوو و خەڵک ڕووی کردبووە کوتاڵی بیانی لەبەرئەوەی نرخەکەی هەرزان بوو (باشا، ٢٠٠٩: ٣٥٥).

ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی لە دوا دواییەکاندا هەوڵیدا لەڕێی دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی نوێ و دەرکردنی یاسای تایبەت بە پیشەسازی ئەڵتەرناتیڤی پیشەگەری سەربخات و ببوژێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی دەزگا پیشەسازییەکان کە بە ئامێری هەڵمی نوێ کاریان دەکرد لە ساڵی (١٩١٥ز) لە (٢٦٤) تێپەڕی نەدەکرد (دروزة، ١٩٤٦: ٣٠٠)، لەلایەکی تریشەوە ڕێژەی بێکاریشی زیادکردووە بەوەی کە لەو جۆرە پیشەسازییە کەمترین دەستی کاری پێویست بوو بە پێچەوانەی پیشە دەستییەکان کە خەڵکێکی زۆری خستبووە گەڕ، هەروەک لە ساڵی ١٩١٤ بەسەرجەم دەزگا پیشەسازییە گەورەکان نزیکەی سی و پێنج هەزار کرێکار کاری تێداکردووە، کە ئەمەش زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ هێزی کاری پیشە دەستییەکان (فاروقی و اخرون، ٢٠٠٧، ٦٨٠) ئەوەش هەرچەندە تێچووی بەرهەمهێنانی کەمکردەوە، بەڵام لەبەرامبەردا پیشەگەران پیشەکانیان لەدەست دا.

## ٢. سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی:

لەڕاستیدا عوسمانییەکان خۆیان سیستەمی پیشەگەری، بەتایبەتی پیشە بەرهەمییەکانیان بچوک کردۆتەوە، یەکەم جار لە ئەنجامی ئیفلیجی ئابووری و دواکەوتوویی هزری ئابووری و دواکەوتوویی تەکنەلۆجیا لە دەوڵەتدا، دووەم جاریش ئەو کەرتە کرایە هێزێکی کۆت و بەند کراو و چەقبەستوو کە توانای گواستنەوەی نەبێت بۆ دۆخێک کە لەگەڵ قۆناغەکانی ڕەوتی مێژووی بەگوێرەی سەردەمی خۆی هەڵبکات هەنگاو بنێ.

حکومەت هەرچەندە لەپێناو پاراستنی پیشەگەری هەندێ سیاسەتی پیادە دەکرد، بەڵام ئەوانەش لێکەوتەی خراپیان هەبووە لەسەر پیشەگەری، لە نموونەی سیستەمی(کیدک)[٢٢] کە بەپێی خستنەروو و خواستی کاڵا پیشەییەکان سنووری بۆ ژمارەی دووکان و بازاڕەکان دادەنا بۆ هەر جۆرێ لە پیشەگەران بەمەبەستی ڕاگرتنی نرخ و کوالیتی و ڕوونەدانی بێکاری، هەروەها لە پێناو ڕێگری لە مۆنۆپۆلکردن چاودێری دابەشکردنی کەرەسەی خاوی دەکرد لەلایەن سنفەکانەوە بەسەر پیشەگەران و لەسەر داوای سنفەکان ڕێگری دەکرد لە هەرکەس کەرەسەی زیاتر بێنێ و بیکڕێ لەدەرەوەی دابەشکردنی سنفەکان (اینالجیک، ٢٠٠٢: ٢٤٠_٢٤١)، لەگەڵ ئەوەی ئەو سیاسەتە ڕێگری لە کۆمەڵێک مەترسی ئابووری کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕۆحی ڕکابەری ئابووری لەنێو پیشەگەران کوشتبوو، هەرئەوەش وای کردبوو بەشێک لە کاڵاکانیان بە سادەیی بمێننەوە وەک ئەوەی هەر بۆ

پێداویستی ناوخۆ بێت و بیری هەناردەکردنیان هەر نەبێت و لە بەرامبەر کاڵای بیانی دەستەوەستان بن.

### ٣. قۆرخکاری بازرگانەکان:

مۆنۆپۆلی بازرگانەکان بەشێک بوو لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی پێگە و بەرهەمی پیشەگەری، ئەوەش کاتێک بازرگان دەستی گرت بەسەر بازاڕی فرۆشی بەرهەمی پیشەگەری بەوەی کاڵایان لە پیشەگەران دەکڕییەوە و پاشان دەیانفرۆشتەوە بە بازرگانە هەناردەکارەکان، ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆ لەدەستدانی سەربەخۆیی پیشەگەران و پشت بەستنیان بە بازرگان بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان، و بە مۆنۆپۆلکردنی بازاڕەکە، پیشەگەر لەڕێگەی پێشەسازی ماڵەوە بۆ بازرگان کاری دەکرد، دواتریش بازرگانەکان ڕۆڵی دابەشکاری کەرەستەکانی بەرهەمهێنانیان بەسەر پیشەگەران بینی، دیسان ئەمەش هەنگاوێکی تر بوو بۆ کۆت و بەندکردنی بازاڕی پیشەگەری (سالم، ٢٠١٤، ٦٠_٦١).

بازرگانەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم هاوکاری جالیەی بیانیان دەکرد لەوانەی پەیوەندییان لەگەڵیان هەبوو لە ئەرمەن و جولەکە و نەسرانی، بەشێوەیەک دەرگای خستنە بازاڕی کاڵای بیانیان لەبەردەم دەکردنەوە، لەبەرامبەردا کاڵای پیشەگەرە ناوخۆییەکان ڕکابەری کاڵای بیانی پێ نەدەکرا و دەبووە هۆی دابەزینی ڕێژەی بەرهەمهێنان، ئەمەو جگە لە کاریگەری هەوڵە بەردەوامەکانی بازرگانەکان بۆ دەسکەوتی نارەوای زیاتر کە دەبووە هۆی کەم و کورتی لە کاڵای سەرەکی و فشاری دەخستە سەر

سیستەمی پیشەگەری و ئابووری شار، هەربۆیەش حکومەتی ناوەند زۆرجار پێی وابووە کۆنترۆلکردنی بازرگان ئەرکی سەرەکییەتی نەک پارێزگاری کردنیان (باموک، ٤٢_٤٣).

### ٤. گرفت لە خودی پیشەگەران:

پیشەگەران خۆشیان لە کەمبوونەوەی خواست لەسەر کالآنیان بەشێک لە بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن، بەوەی کە سەرکەوتوو نەبوون لە ململانێکردنی کالآی ئەوروپی، ئەوەتا هەندێ پیشەگەری بەرهەمهێن بۆ بەربەرەکانێی کالآی هەرزانی بیانی، پەنایان دەبردە بەر دابەزاندنی کوالێتی بەرهەمەکانیان تا بتوانن نرخەکانیان دابگرن و جیاوازییەکەی لەگەڵ کالآی بیانی کەم بکەنەوە، ئەمەش بە خراپ بەسەریاندا شکایەوە و ئەو کڕیارانەی تا ئەوکات مابوونەوە ئەوانیشی نیگەران کرد (فاروقي و اخرون، ٢٠٠٧: ٦٧١), بەم شێوەیە کالآی ئەوروپی گەرم و گوڕییەکی وای کەوتە سەر, بازاڕەکانی بوژاندەوە, هەروەها ئەو بیانیانەی نیشتەجێی ئەستانبۆل بوون دە یانتوانی کالآی دروستکراوی ڕۆژئاوا لە دوکانەکان دەستەبەر بکەن (باربەر، ٢٠٠١: ١٢٧).

لەلایەکی تریشەوە، پیشەگەران لە هەندێ ناوچەدا چیتر لە توانایاندا نەبوو بەپێی ویستی بەکاربەر بەرهەم بخەنە بازاڕ، چونکە هاوردەکردنی ئامێر و کەرەسەی نیمچە خاو و نیمچە دروستکراو کە پیشەگەرەکان پێویستیان بوو بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کالآیانەی خواستی نێوخۆییان لەسەر زیاتربوو، بەتایبەتی بەن و بۆیەکان،

لەومـاوەیەدا لەزۆر شـوێنی وڵات زۆر کەم بـوو (الحمـداني، ١٩٨٩، ١٧٣).

گرفتێکـی تـر لە خـودی پیشـەگەران بریتـی بـوو لە نەبـوونی عەقڵیەتـی وەبەرهێنـانی توانـا و ئەزمـوون و هـونەر و نـوێکردنەوەی عەقلیەتی ئابووری بە جۆرێ بتوانێ پیشەدەستییەکان بگوازنەوە بۆ کۆمپانیـا و دەزگـای پێشەسـازی گەورە، ئەویـش بەهـۆی بـوونی مـۆرکی بنەمـاڵەیی و میـراتیە بە پیشـەکانیانەوە لە هەنـدی جـۆر و هەندێ نـاوچەدا، بەشـێوەیەک پیشـەکە لەبـازنەیەکی داخـراوی نهێنـی دەمـایەوە و لە نێـو ئەنـدامانی خێزانێـک دەگـوازرایەوە نەوە بە نەوە، بەڵگەش بۆ ئەوە هەڵگرتنی نازناوی ئەو پیشانەیە هەریەکە و لەلایەن بنەماڵەیەکەوە, ئەگەر ناوچەیەک بەنموونە وەربگرین، بەو شێوە ئەو پیشەیە بە بیرکردنەوەیەکی تەسکی کلاسیکی بەڕێوەدەبرا و بەرەو گەورەبوون و بەدەزگایی بوون نەدەڕۆیشت لەشێوەی دەزگایەک کە خەڵکێکی زۆر تێیدا بەشداربن لە کار و سەرمایەگوزاری و عەقلیەتی کارگێڕی و بەرەوپێشبردنی، تا بتوانێ بەرهەمەکەی گەشەپێ بدات و داهاتی زیاد بکات و توانای ململانێ و مانەوەی بۆ بنیات بنێ.

دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە بەشـێوەیەکی گشـتی تێبینـی دەکرێت ژیانی پیشەگەران لە ئاستێکی خـوازراودا نەبـووە و بگـرە لە ژیانێکی مادی و کۆمەڵایەتی سەخت و ماندوودا بەسـەریان بـردووە، وێـڕای قورسـی کارەکانیـان داهاتیـان بەشـی دابینکردنـی پێداویسـتی سادەی ڕۆژانەیان نەکردووە، بۆیە سەختی کار و ژیانیان بەشێک لە پیشەگەرانی سارد کـردۆتەوە لە داهێنـان و بـرەودان بەکارەکانیـان و

تەنانەت دەستبەرداری پیشەکانیان بوون و هەوڵیانداوە بەدوای کار و شێوازی تری ژیاندا بگەڕێن.

### ٥. دەست تێوەردانی ئینکیشارییەکان:

دەستتێوەردان و هاتنی ئەندامانی سوپای ئینکیشاری[٢٣] بۆ ناو کایەی پیشەگەری کاریگەری هەبوو لەسەر دابەزینی ئاستی بەرهەمی پیشەگەری، بەوەی کە ئەوان بەپێی ئیمتیازی سەربازی بەدەربوون لە چاودێری، بۆیە زۆرجار پێشێلی ڕینماییەکانی نرخ و کوالێتیان دەکرد و جۆری خراپتر و هەرزانتریان دەخستە بازار، ئەمەش کاریگەری دەبوو لەسەر ناوبانگی بەرهەمی ناوخۆ و کەمبوونەوەی فرۆشی، و هەرکاتێک بیانویستایە دووکانی تازەیان دەکردەوە بێ ئەوەی توانای پیشەییان بگاتە ئەو ئاستەی بەپێی ڕێنمایی سنفەکان دانرابوون، زۆرجاریش وەستاکانیان ناچاردەکرد لە قازانجدا پشکداریان بکەن، جگە لە قۆرخکردنی کەرەسەی سەرەتاییەکان بەبێ ئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ (ئینالجیک، ٢٠٠٢: ٢٤٤_٢٤٥).

### ٦. قۆرخکاری کانە کانزاییەکان لە لایەن سەرمایەدارە بیانییەکان:

هۆکارێکی تر بۆ دارمانی بەشێکی تری پیشەگەری و دروستکراوی عوسمانی کە پەیوەندی بە کانزاکانەوە هەیە، مۆنۆپۆلکردنی کانەکان و کەرەسەی خاوی کانزایی بوو لە لایەن سەرمایەدارانی بیانی بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەنادۆڵ و بە ئاسانکاری دەوڵەت لە جێهێشتنی کانەکان بۆ خاوەن زەوییەکان تا خۆیان پەرەی پێ بدەن و پشتبەستن بە کۆمپانیای وەبەرهێنی بیانی

و ناردنی خاوی ئەو کانزایانەش بۆ ئەوروپا، کە ئەمەش پێشەگەرانی ناوخۆی بێبەشکردبوو لە چالاکی زیاتری پیشەگەری لەو کانانە، جگە لەوەی دەوڵەت نەیتوانی لەپەرەپێدانی پیشەسازی ناوخۆدا سود لەو کەرەسە خاوانە وەربگرێ (الجمیل، ١٩٩٧، ب: ٧٥).

جگە لەو هۆکارانە، چەند هۆکارێکی تریش هەبوون کە تاڕادەیەک کاریگەریان هەبوو لەسەر دابەزینی ئاستی بەرهەمی پیشەگەری، لەوانە کەمی کەرەسەی خاوی وەک وزە و کانزاکانی ئاسن و مس و خەڵوز لە هەندێ ناوچەی دەوڵەت، هەروەها تێکەڵبوونی چالاکی پیشەگەری و بازرگانی و زۆرجار لێک جیانەکردنەوەیان، بەجۆرێک پیشەگەر خۆی بازرگانیش بووە، وێڕای باجەکانی دەوڵەت و ناسەقامگیری سیاسی و کێشەی دراو و شەڕ و دەرد و تاعون و برسیەتی، کە هەموویان کاری پیشەگەرانیان قورس کردووە و بوونەتە کۆسپ لەبەردەمیان (ریمون، ٢٠٠٥: ٣٦٣و٣٦٩_٣٧٠).

لە ئەنجامی دابەزینی بەرهەمی پیشەگەران سنفەکانیشیان بەرەو داڕمان چوون و لێکهەڵوەشانەوە، چونکە هێزی جارانیان نەما لە نێو کۆمەڵگا (الجمیل، ١٩٩٧، أ: ٩١_ ٩٢) بەتایبەتی کە پیشەگەران پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بازاڕدا لاوازبوو، ئەو ڕۆڵە ئابووریەی پێشتر هەیانبوو لەدەستیان دا و ژمارەیەکی زۆری پیشەگەران دەستیان لە پیشەکانیان هەڵگرت و شوێنەکانیان داخستن، هەرچەندە هەندێکیان مانەوە و جۆرێک لەگەشەکردنەوەی سنوورداریشیان بەخۆوە بینیەوە, لەئەنجامیشدا گورزێکی گەورە بەر ئابووری وڵات و پیشەسازیەکەی کەوت.

**دەرەنجام**

ئەو لێکۆڵینەوەیە بەگشتی چەند دەرئەنجامێکی بۆ دەرخستین، کە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەدەین:

_ پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا درێژکراوەی مێژینەیەکی کۆنترە و تایبەت نییە بە شارستانیەتی دامەزرێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لەسەردەمی حوکمرانی ئەواندا پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە.

_ ئاوێتەبوونی ئەزموونی چەند گەلێک لە پیشەکاندا و دروستکردنی بازنەیەکی پیشەگەری خاوەن شوناسی عوسمانی و هەڵگری چەندین سیما و خەسڵەتی جیا کە پێی دەناسرێتەوە.

_ پیشەگەران ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە سەرەتای سەرهەڵدان و فراونخوازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەیارمەتیدانی جەستەیی و ماددی و مەعنەوی لەشەڕەکاندا دژی بیزەنتییەکان، لەژێر کاریگەری ئاین و تەریقەتەکانیان بۆ جیهادکردن لە پێناوی ئیسلامدا.

_ لە ڕۆژهەڵات لەبەرئەوەی تەکنەلۆجیا پێشکەوتوو نەبووە, بۆیە چ لە گوندەکان چ لە شارەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان پشت بە پیشەی دەستی بەستراوە، سەرەتاش بەرهەمەکانیان تەنها بەشی پێدوایستی ناوخۆیی کردووە، بەڵام دواتر لە شارە گەورەکان ئەو چالاکییە بەشێوەیەک پەرەی پێدراوە توانراوە زیاد بەرهەم بێنن و هەناردەی بکەن.

_ سوڵتانەکانی عوسمانی زۆر بەتەنگ ئەو چالاکییەوە بوون ئەویش بەهۆی پێویستی کۆمەڵگا، هەروەها پێویستی خۆشیان لەم بوارەدا بەتایبەتی بۆ کۆشکەکانی خۆیان ئەوەش دوای پەرەسەندنی ژیانی ڕابواردن و خۆشگوزەرانی.

_ پیشەگەران بەردەوام هەوڵیان داوە ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن و دابین بکەن، ئەویش لە ڕێی سنفەکانیان، کە هەر پیشەیەک سنفی تایبەت بەخۆی هەبووە و چەندین پلەو پایەی تێیدا بووە و کارەکانی پیشەگەرانیان ڕاپەراندوە و داکۆکیان لە مافەکانیان کردووە، بەدەست هێنانی ئەو پلەوپایانەش زۆربەی کات بە لێهاتوویی و توانای خۆیان بووە.

_ پیشەگەری و بازاڕ و کاڵاکانیان لە ژێر چاودێری وردی حکومەت بووە و لەڕێی دەزگای تایبەت چاودێری کارەکانیان کردووە و لە هە ر سەرپێچییەک ڕێوشوێنێکی سزادانیان گرتۆتەبەر.

_ لە ڕووی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەوە پیشەگەران زۆر پابەند بوونە و هاوکاری یەکتریان کردووە, یاسا و نەریت و ئاینیش هانی داون بۆ ئەو پابەندبوونە.

_ بەرهەمی پیشەگەران تاڕادەیاک پێداویستی ناوخۆی دابین کردووە و هەناردەکردنەکەی لە ئاستی پێویست نەبووە، واتە چۆن بەرهەمهێنان خۆجێیی بووە بەکاربردنیش خۆجێیی بووە، هەرچەند لە هەندێ بوار هەناردەکردن هەبووە و لەهەندێ بەرهەم هەندێ ناوچە ناوبانگیان دەرکردووە.

ـ بەرهەمەکانی پیشەگەری بایەخی زۆریان هەبوو لە ڕووی ئابوورییەوە, بەڵام لەسەدەی نۆزدەم بە دواوە، ئەو بایەخەی نەماو گرینگی ئابوورییان کەم بۆتەوە, بە تایبەتی بەهۆی سیاسەتی دەوڵەت و خودی پیشەگەران و هاتنی کاڵای پێشکەوتووی هەرزانی ڕۆژئاوایی، بەمەش کاڵای دروستکراو نەیتوانی بەربەرەکانێی کاڵا بیانییەکان بکات و توشی قەیران هات، بەم شێوە ئاستی پیشەگەری دابەزی دواتر سنفەکانیش هەڵوەشانەوە.

## پەراوێزەکان

(١) (الإخوان الصفا وخلان الوفاء) کۆمەڵێک بوون لە فەیلەسوفانی موسڵمان لە سەدەی دەیەمی زاینی لە بەسرا یەکیانگرت لەسەر گونجاندنی بیروباوەڕی ئیسلامی و ڕاستییە فەلسەفیەکان، پەنجا وتاریان نوسی و ناویان نا (تحف إخوان الصفا) و کتێبێکی تری گرنگیان بریتیە لە (رسائل الإخوان الصفا وخلان الوفاء).

(٢) بێرنارد لویس (١٩١٦ـ٢٠١٨) مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەمریکی بە ڕەگەز جولەکە و لەدایکبووی لەندەن بوو، شارەزای کاروباری ئیسلامی و ڕۆژهەڵات بوو، چەندین کتێبی هەیە لەسەر مێژووی ئیسلامی و عەرەبی و دەوڵەتی عوسمانی.

(٣) بەلخ شارێکی گرنگ و مێژوویی ئەفغانستانی ئێستایە و دەکەوێتە بەشی باکورەکەی.

(٤) ئەخیان (الفتوە) تایەفەیەک بوون کە لە ئەنادۆڵ لەسەردەمی سەلجوقیەکان هەبوون لە شێوەی سەندیکایەک، لە پیشەگەر و بازرگانەکان پێکهاتبوو لەسەر ڕێبازێکی سۆفیگەری, ئەندامانی بریتی بوون لە گەنج و لاو،

لەلایەن سەرۆکێکی هەڵبژێردراو بەڕێوە دەبرا پێی دەوترا (اخي) ناوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گەورەی تایەفەکە (اخی ئۆران).

(٥) بۆرسە یان برۆسە شارێکی گرنگ بوو لە ئەنادۆڵ (تورکیای ئاسیایی)، مەڵبەندی ویلایەت و لیوای خداوندکار بوو و لەسەر چیا بنیات نراوە لەلایەن برۆسە برۆسیاسی دووەمی پاشای بثینیة (موستراس، س. (٢٠٠٣)، المعجم الجغرافي للأمبراطورية العثمانية، ترجمة و تعليق: عصام محمد الشحادات، ط١، الجفان والجابي للطباعة والنشر و دار بن حزم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت: ص١٥٧).

(٦) بزستان بازاری کاڵا گرانبەهاکانی وەک زێڕو گەوهەر بوو, لە زۆربەی شارە گرنگەکان هەبوو، لەسەدەی پازدەم و سەرەتاکانی سەدەی شازدەم دروستکراون (فاروقي، ثريا و اخرون (٢٠٠٧)، التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية، المجلد الثاني ١٦٠٠ـ١٩١٤م، ت: د.قاسم عبده قاسم، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت: ص٢٥٧).

(٧) ئەدرنە یان ئەدریانۆپۆلیس شارێکی عوسمانی بەشی ئەورووپا و مەڵبەندی ویلایەت و لیوای ئەدرنە بوو، لەسەردەمی مرادی یەکەم ساڵی ١٣٦٠ز کەوتە دەست عوسمانییەکان و بووە پایتەختی ئەورووپی عوسمانییەکان تا گرتنی ئەستانبۆل (موستراس، ٢٠٠٢: ٣٥_٣٦).

(٨) بەربەرباشی وشەیەکی عوسمانیە واتا سەرۆکی سەرتاشەکان.

(٩) تەرزیباشی وشەیەکی عوسمانیە واتا سەرۆکی بەرگدرووەکان.

(١٠) سالۆنیک یان سلانیک شارێکی عوسمان بەشی ئەورووپا بوو لە مەکدۆنیا و مەڵبەندی ویلایەت و لیوا بوو لە ساڵی ١٤٣٠ز کەوتە دەست عوسمانییەکان (موستراس، ٢٠٠٢: ٣٠٠_٣٠١).

(١١) شبلی النعمانی (١٨٥٧_١٩١٤) زانا و گەڕیدەیەکی هیندی بووە، بایەخی بە مێژووی گەلانی موسڵمان داوە، لە سالی ١٨٩٢ز هاتۆتە ناوچەکانی

دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەتی بەیروت و ئەستەنبۆل و قاهیرە (النعماني، شبلي (٢٠٠٣)، رحالة هندي في بلاد الشرق العربي "سفرنامة روم و مصر و شام"، ت: جلال سعيد الخفناوي، ط١، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة: ص٥_٦).

(١٢) سنان پاشا (١٤٩٠_١٥٨٨ز) یان خۆجە سنان یەکێکە لە دیارترین بیناسازەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە لە قەیسەریەی ناوەڕاستی ئەنادۆڵ لە دایک و باوکێکی مەسیحی لەدایک بووە و دواتر بوونەتە موسڵمان، لە قوتابخانە خوێندوویەتی و چۆتە نێو سوپا و لەچەندین شەڕدا بەشدار بووە، نازناوی سەرۆکی بیناسازانی لێنراوە، دەیان و سەدان شاکاری بیناسازی هەیە و دیزاینی بۆ کردوون کە جێی سەرسوڕمانن.

(١٣) ڕۆدس شارێکە لە دورگەی ڕۆدس لە کەناری باکوری دەریای سپی ناوەڕاست، شارێکی یۆنانی بووە لە ساڵی ١٥٥٢. کەوتە دەست عوسمانییەکان (موستراس، ٢٠٠٢: ٢٧٩).

(١٤) فلیبە ئێستا بلۆڤدیڤی پێ دەڵێن لە بولگاریا، لەساڵی ١٣٦٠ کەوتە دەست عوسمانییەکان، مەڵبەندی لیوا بوو لە ولایەتی ئەدرنە، لە ١٨٨٥ بولگاریەکان گێڕایانەوە ژێر دەستی خۆیان (موستراس، ٢٠٠٢: ٣٧٦).

(١٥) کتخدا دەستەواژەیەکی فارسی لێکدراوە بەمانای خاوەن ماڵ، بۆ زۆر فەرمانبەری تریش بەکار دەهات، لەوانە یاریدەدەری والی.

(١٦) موحتەسیب فەرمانبەرێکی کارگێڕی بوو دەسەڵاتی دادگەری هەبوو، تایبەت بوو بە ڕێکخستن و چاودێری بازاڕ و مامەڵەکەی بە تایبەتی نرخ و کرێ و تەرازوو و کوالێتی کاڵا.

(١٧) تۆقات شارێکی عوسمانی بوو لە بەشی ئاسیا"ئەنادۆڵ" لەولایەت و لیوای سیواس (موستراس، ٢٠٠٢، ٢٢٢).

(١٨) تریکالا شارێکی عوسمانی بوو لەبەشی ئەوروپا لە ناوچەی تیسالیای بولگاریا، مەڵبەندی لیوا بوو لە ولایەتی یانیە (موستراس، ٢٠٠٢: ٢١٦).

(١٩) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پیشەگەری لە کوردستان بڕوانە: (هەروتی، سەعدی عوسمان (٢٠١٣)، چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر: ل١٨٣_٢١٦).

(٢٠) کرد تعاون و ترقی غزتسی ڕۆژنامەیەکی کوردی بوو کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی لە ئەستانبۆل لە ساڵی ١٩٠٨ دەری دەکرد.

(٢١) ئەو شیعرە لەبنەڕەتدا بە تورکی عوسمانی نوسراوە و کراوەتە کوردی سەر شێوەزاری ئێستا، بۆ دەقە تورکیەکەی بڕوانە: (ئەلاکۆم، ڕۆهات (٢٠٠٥)، کوردەکانی ئەستەمبۆلی کۆن ١٤٥٣ – ١٩٢٥، و: ئەحمەد تاقانە، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر: ل١٦٨).

(٢٢) کیدک دەستەواژەیەکی عوسمانی بوو ئیمتیازێک بوو دەوڵەت دابووی بەهۆیەوە بازرگان و پیشەگەر قۆرخی کالایەکی دەکرد، یان ئەو شوێنەی پیشەگەر کاری لێ دەکرد کە ژمارەکەی زیاد و کەم نەدەکرا.

(٢٣) سوپای ئینکیشاری بە مانای سوپای نوێ دێت و هێزێکی سەربازی پیادەی عوسمانی بوو، بەهێزترین و باڵادەستترین هێزی عوسمانی بوو ڕۆڵی باڵایان هەبوو لە فراوانخوازیەکانی عوسمانی و ڕێکستنی تایبەت بەخۆیان هەبوو، لەلایەن سوڵتان مەحمودی دووەم لە ساڵی ١٨٢٦ز هەڵوەشێنرایەوە و لەناوبران (الرديني, يوسف عبدالكريم طه مكي (٢٠١٤)، المؤسسة العسكرية العثمانية "دراسة تاريخية"، ط١، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان: ٦٧وبعدها).

## لیستی سەرچاوەکان

### أ/ سەرچاوەکان بەزمانی کوردی


- شوانی، بەختیار سەعید مەحمود (٢٠٠٩) ، *کەرکوک لەسەدەی نۆزدەهەمدا لێکۆڵینەوەیەک لەبارودۆخی ڕامیاری و ئابووری*، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- دۆمۆن, پۆل (٢٠٠٨) ، *سەردەمی تەنزیمات ١٨٣٩_١٨٧٨*، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- برانت، جیمس (٢٠١٣)، *سەفەرنامەی مستەر جیمس برانت بۆ ناوچە کوردنشینەکان*، و: هیممەت کاکەیی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- ئەلاکۆم، ڕۆهات (٢٠٠٥)، *کوردەکانی ئەستەمبۆلی کۆن ١٤٥٣ — ١٩٢٥*، و: ئەحمەد تاقانە، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- هەروتی، سەعدی عوسمان (٢٠١٣)، *چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا*، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- باربەر، نۆیل (٢٠٠١)،*فەرمانڕەوایانی قۆچی زێڕین لە سوڵتان سلێمانی قانونیەوە تا ئەتاتورک*، و: ڕێبوار کەریم وەلی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- بێندەر، هێنری (٢٠٠٦)، *سەفەرنامەی هێنری بێندەر(کوردستان، میزۆپۆتامیا و ئێران)*، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

**ب/ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

- أحمد، فيروز (٢٠٠٠), صُنْع تركيا الحديثة، ت: د.سلمان داود الواسطي و د.حمدي حميد الدوري، المطبعة العربية، بغداد.
- آلتونجي، محمد (٢٠٠٤), بلاد الشام إبان العهد العثماني، ط١، دار المعرفة للطابعة والنشر، بيروت.
- الجبوري، أحمد حسين عبد (٢٠١١)، القدس في العهد العثماني، ج١ (١٥١٦_١٦٤٠) دراسة سياسية عسكرية إدارية اقتصادية اجتماعية ثقافية، ط١، دار الحامد، عمان.
- الجبوري, عبدالقادر يوسف (١٩٨٠)، التاريخ الاقتصادي، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد.
- الجميل، سيار (١٩٩٧)،أ ، بقاياو جذور التكوين العربي الحديث، ط١، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان.
- الجميل، سيار (١٩٩٧)،ب ، العرب والاتراك "الإنبعاث والتحديث من العثمنة الى العلمنة"، ط١, مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
- الجميل، سيار (١٩٩٩)، زعماء وأفندية "الباشوات العثمانيون والنهضويون العرب" البنية التاريخية للعراق الحديث "الموصل نموذجا"، ط١، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان.
- الحمداني, طارق نافع (١٩٨٩)، ملامح سياسية وحضارية في تاريخ العراق الحديث والمعاصر، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
- الدوسكي, كاميران عبدالصمد احمد (٢٠٠٢)، كوردستان العثمانية في النصف الأول من القرن التاسع عشر، ط١، دار سپيريز للطباعة والنشر- دهوك، مطبعة وزارة التربية، أربيل.
- الرديني, يوسف عبدالكريم طه مكي (٢٠١٤)، المؤسسة العسكرية العثمانية "دراسة تاريخية"، ط١، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان.
- السامرائي، سعيد عبود (١٩٧٣)، مقدمة في التاريخ الاقتصادي العراقي، ط١، مطبعة القضاء، النجف الأشرف.

- الشيخلي، صباح ابراهيم سعيد (١٩٧٦)، الأصناف في العصر العباسي "نشاطها وتطورها"، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- الصلابي، على محمد (٢٠٠٦), الدولة العثمانية عوامل النهوض واسباب السقوط، ط٢، مكتبة الايمان، المنصورة.
- العجلي, شمران (٢٠١٣)، بغداد في مؤلفات الرحالة الأجانب من القرن السادس عشر حتى القرن التاسع عشر الميلاديين، ط١، منشورات بيت الحكمة_بغداد، مطبعة كركي، بيروت.
- المقدسي, عبدالقادر أبو السعود (٢٠١٥)، رحلة من نابلس الى إسلامبول، تحقيق: د.عماد عبدالسلام رؤوف، ط١، دار الزمان_دمشق و مكتب التفسير_أربيل.
- النعماني، شبلي (٢٠٠٣)، رحالة هندي في بلاد الشرق العربي "سفرنامة روم و مصر و شام"، ت: جلال سعيد الخفناوي، ط١، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.
- أنيس، محمد (ب.ت), الدولة العثمانية والشرق العربي (١٥١٤ – ١٩١٤)، مكتبة الانجلو المصرية للطباعة والنشر، القاهرة.
- إينالجيك، خليل (٢٠٠٢)، تاريخ الدولة العثمانية من النشوء الى الانحدار، ت: د.محمد.م.الأرناؤوط، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت.
- إينالجيك، خليل (٢٠٠٧)، التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية، المجلد الاول ١٣٠٠ـ١٦٠٠م، ت: د.عبداللطيف الحارس، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت.
- باشا، خورشيد (٢٠٠٩)، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و إيران, ت: مصطفى زهران, مراجعة: الصفصافى أحمد القطورى، طبع بالهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة.
- باموك, شوكت (٢٠٠٥)، التاريخ المالي للدولة العثمانية، ت: د.عبداللطيف الحارس، ط١، دار الدار الاسلامي، بيروت.
- بروكلمان، كارل (٢٠٠٠), تاريخ الشعوب الاسلامية، ت:نبيه أمين فارس و منير البعلبكي، ط١٤، دار العلم للملاين، بيروت.

- بطاطو، حنا (ب.ت), العراق " الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية"، ت: عفيف الرزاز, الكتاب الأول, مؤسسة الابحاث العربية, (ب.م).
- جيب، السير هاملتون و بوين، هارولد (١٩٩٧)، المجتمع الاسلامي والغرب، ت: عبدالمجيد حسيب القيسي، ج١، ق١، ط١، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق.
- چلبي، أوليا (٢٠١٤)، رحلة أوليا چلبي في كوردستان عام ١٨٦٥هـ _١٦٥٥م، ت: د.رشيد فندي، ط١، مطبعة محافظة دهوك، دهوك.
- حرب، محمد (١٩٩٩), العثمانيون في التاريخ والحضارة، ط٢، دار القلم، دمشق.
- حسون, علي (٢٠٠٢)، تاريخ الدولة العثمانية و علاقاتها الخارجية، ط٤، المكتب الاسلامي، بيروت.
- حلاق، حسان (١٩٨٧)، التاريخ الاجتماعي والاقتصادي والسياسي في بيروت والولايات العثمانية في القرن التاسع عشر، ج١، سجلات المحكمة الشرعية في بيروت، الدار الجامعية، بيروت.
- دروزة، محمد عزة (١٩٤٦), تركيا الحديثة، مطبعة الكشاف، بيروت.
- رؤوف, عماد عبدالسلام (١٩٧٥)، الموصل في العهد العثماني "فترة الحكم المحلي ١٧٢٦_ ١٨٣٤"، مطبعة الآداب، النجف الأشرف.
- ريمون، أندريه (٢٠٠٥)، الحرفيون والتجار في القاهرة في القرن الثامن عشر، ج١، ت: ناصر احمد ابراهيم و باتسى جمال الدين، ط١، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.
- زيدون, وديع أبو (٢٠٠٣)، تاريخ الامبراطورية العثمانية من التأسيس الى السقوط، ط١، مطبعة الأهلية، عمان.
- سالم, عماد عبداللطيف (٢٠١٤)، العراق تاريخ اقتصادي، ج١، ط١، منشورات بيت الحكمة، مطبعة الزمان، بغداد.
- سون, ميجر (١٩٧٠)، رحلة متنكر الى بلاد ما بين النهرين و كردستان، ت: فؤاد جميل، ج١، ط١، مطابع الجمهورية، بغداد.

- شيبوب، ڤيك جريد يني (١٩٦٤)، الحرف الشعبية في لبنان، بدون مطبعة، بيروت.
- صباغ, عباس اسماعيل (١٩٩٩)، تاريخ العلاقات العثمانية الإيرانية "الحرب والسلام بين العثمانيين والصفويين"، ط١، دار النفائس للطابعة والنشر، بيروت.
- عمر, محسن احمد (٢٠١٥)، كورد وكوردستان عند الرحالة الفرنسيين في القرون (١٧و١٨و١٩) الميلادية، ت: د.حسيب الياس حديد، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية.
- غنيمة, يوسف (٢٠٠٩)، نزهة المشتاق في تاريخ يهود العراق، ط٤، دار الوراق للنشر، لندن.
- فاروقي، ثريا و اخرون (٢٠٠٧)، التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية، المجلد الثاني ١٦٠٠ـ١٩١٤م، ت: د.قاسم عبده قاسم، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت.
- فريزر، جيمس بيلي (٢٠١٤)، رحلة فريزر إلى بغداد في ١٨٣٤، ت: جعفر الخياط، ط٢، دار الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع, بيروت.
- فنادولينا, أنينل ألكسندرو (١٩٩٩)، الامبراطورية العثمانية وعلاقاتها الدولية في ثلاثينيات و اربعينيات القرن التاسع عشر, ت: أنور محمد ابراهيم, بدون مطبعة ومكان الطبع.
- قاشا، الأب سهيل (٢٠١٠)، الموصل في العهد الجليلي ١١٣٩_١٢٥٠هـ / ١٧٢٦_١٨٣٤م، ط١، منشورات التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، مطبعة ديموبرس للطباعة والتجارة، بيروت.
- كوندز، احمد آق و اوزتورك، سعيد (٢٠٠٨)، الدولة العثمانية المجهولة، منشورات وقف البحوث العثمانية، Mas Matbaacilic، اسطنبول.
- كوپريلي, محمد فؤاد (١٩٦٧)، قيام الدولة العثمانية، ت: احمد سعيد سليمان، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، مصر.
- لوتسكي, فلاديمير بوريسوفيتش (١٩٨٠)، تاريخ الأقطار العربية الحديث، ت: عفيفة البستاني، ط٧، دار الفارابي، بيروت.

- لويس، برنارد (١٩٨٢)، استنبول وحضارة الخلافة الاسلامية، ت: د.سيد رضوان علي، ط٢، الدار السعودية للنشر والتوزيع، الرياض.
- لويس، برنارد (٢٠٠٣)، الاسلام في التاريخ "الأفكار والناس والأحداث في الشرق الأوسط"، ت: مدحت طه، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.
- مانتران، روبير (١٩٩٣)، تاريخ الدولة العثمانية، ت: بشير السباعي، ج١، ط١، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة.
- مجموعة مؤلفين (١٩٩٩)، الدولة العثمانية تاريخ وحضارة، اشراف وتقديم: أكمل الدين احسان اوغلى، ت: صالح سعداوي، مج١ ، مطبعة YELDIZ YAYNCILIK، استانبول.
- محمد, نجاح (٢٠١٢)، تاريخ شبه جزيرة العرب الحديث، منشورات جامعة دمشق، دمشق.
- مراد، خليل علي (٢٠١٥)، من وثائق الأرشيف العثماني دفتر تحرير مفصل وإجمال ولاية أربيل ٩٤٩هـ/١٥٤٢م، مطبوعات الاكاديمية الكوردية، مطبعة الحاج هاشم، أربيل.
- مراد، خليل علي و البوتاني، عبدالفتاح علي (٢٠١٣)، بادينان في سالنامات ولاية الموصل العثمانية ١٣٠٨_١٣٣٠هـ/١٨٩٠_١٩١٢م، مطبوعات الاكاديمية الكوردية، مطبعة الحاج هاشم، أربيل.
- موستراس، س. (٢٠٠٣)، المعجم الجغرافي للأمبراطورية العثمانية، ترجمة و تعليق: عصام محمد الشحادات، ط١، الجفان والجابي للطباعة والنشر و دار بن حزم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
- نيكيتين، باسيل (٢٠٠٤)، الكورد دراسة سوسيولوجية وتاريخية، تقديم: لويس ماسينيون، ت:د.نوري طالباني، ط٣، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل.
- هرشلاغ, ز.ي. (١٩٧٣)، مدخل الى التاريخ الاقتصادي الحديث للشرق الاوسط, ت: مصطفى الحسيني، دار الحقيقة، بيروت.
- هيود, وليم (٢٠١١)، رحلة من ساحل مالابار الى القسطنطينية، ت: د.سعاد محمد خضر، منشورات مؤسسة ژين، مطبعة شڤان، السليمانية.

- يحيي، جلال (ب.ت), التاريخ الاوربي الحديث و المعاصر"الفجر", ج١, المكتب الجامعي الحديث, (ب.م).

**ملخص:**

شكلت الحِرَف جزءاً مهماً في الاقتصاد العثماني وعنصراً أساسياً في صناعتها و مصدراً لتوفير الاحتياجات اليومية لعدد كبير من السكان وكان ايضاً سبباً في تطوير حركة التبادل. والحرفيون كطبقة منتشرة في المجتمع كانت لهم نقابات خاصة تنظم شؤونهم و نشاطاتهم وكانت تدعى الاصناف مفرده (صنف).

شهدت الصناعات الحرفية اهتماماً كبيراً من الدولة العثمانية لاسيما في أعقاب توسع رقعة الدولة و دخول شعوب عدة تحت نفوذها و اختلاط تراثهم التي ساهمت جميعاً في تطور الصناعات الحرفية و زيادة منتوجاتها الفنية والخدمية، وفي هذا المجال اشتهرت بعض المناطق والولايات والمدن بحرف معينة، ولكن بحلول منتصف القرن التاسع عشر اتجهت الحرف نحو الضعف والتدهور، بسبب ظهور الضعف العام في جسم الدولة.

## Abstract

Craft (skillfulness) was a valuable part of Ottoman economic field and it was a main factor of its industry, through this art or industry, many of the population earn and provide their daily requirements, also craft played a great role in developing exchanging (trade) activities. At the same time, there was a league which its main purpose was to organize the craftsman.

With the widens of Ottoman state different cultures from different nations met, so the craft field witnessed a great progress as a product and art and different parts of the state had role. However later on, in the middle of the 19th century, because of some reasons, the filed went through its difficult timeand extinct.